YADNAMA
یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژووی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارە ١٥ی ئایاری ٢٠٢٠ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.15, may 2020

# چاوپێکەوتنێکی بیست ساڵ لەمەوبەری ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" لە گۆڤاری ڕۆشنگەری، سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی...



ئامادەکردنی: یادنامە

ئەم چاوپێکەوتنەی ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" لە گۆڤاری ڕۆشنگەری ژمارە ٩ی هاوینی ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە ١١ بۆ ٤٦ لە لایەن بەڕێزان: مەریوان عەلی، ئومێد ئەمین و بێستون مەحمودەوە ساز کراوە. چاوپێکەوتنەکە باس و خواستێکی دورودرێژە لە بارەی ناسیۆنالیزمی کوردی و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕییەوە. بێگومان جارێکی تر بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە لەبەر گرنگی بابەتەکەیە سەبارەت بە ناسیۆنالیزم، بە تایبەت باس کردنی لەلایەن سەرکردەیەکی وەک ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا"وە. بەشی یەکەم: **بڕوانە: ل ٢ – ٧**

## حکومداری نەوشیروان مستەفا

یەکەم: ئەگەر حکومداری تا کاتی نەوشیروان مستەفا بە دەست شۆڕشگێڕەکانی شاخەوە بوبێت، یان نەوەکانیان، ئەوا سەرەکیترین کارەکتەری شاخ نەوشیروان مستەفا بوە. گرنگی ئەم پیاوە لە کارکردندا ئەوە بو، کە بە یەک کارت کاری دەکرد، ئەو کارتەش تەنها سەرچاوەی مرۆیی گەلەکەی بو، لە کاتێکدا دەیتوانی کارتی هێز و کارتی ئابوری و کارتی پشتبەستن بە هێزی ناوچەیی، شەرعیەتی شۆڕشگێری پلە یەک، بروانامە، ڕۆشنبیری و کارتی سیاسی بەکار بهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بتوانێت ناو ماڵی کوردی بۆ ئامانجی کۆتایی هێنان بە ڕێککەوتنی ستراتیژی و پاشکۆیەتی وڵاتانی ناوچەیی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سیستەمێکی تەندروست ڕێک بخات، تەنها پشتی بە توانی مرۆیی و هێزی خەڵک دەبەست، ئەمەش لە چوارچێوەی خەباتێکی بێخوێنی و مەدەنیەوە. دوای خۆی تا ئێستاش سەرکردە، مێژوکردە نەیتوانیوە بەپێی پێداویستی قۆناغەکان دەوری کاریگەر ببینێ. بەداخەوە، کە نەوشیروان مستەفا هەم زەمین و هەم تەمەن بواری نەدا ئەو کارانەی دەیوست بیانکات، بەڵام دواجار هەرچۆنێک بتەوێ ئەم هەرێمە ڕێک بخەیتەوە، کە پڕیەتی لە گەندەڵی و نا عەدالەتی، تەنها یەک ڕێگە هەیە، ئەویش ڕێگای پەنابردنەوەیە بۆ میتۆدەکانی نەوشیروان مستەفا.

دوەم: ئەمڕۆ ٤٥ ساڵ بە سەر دروست بونی ی.ن.ک تێ ئەپەڕێ،بێگومان ڕۆڵی نەوشیروان مستەفا لە دروست بونەکەیدا، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوە، بێجگە لەوەی بەشێکی زۆر لە تەمەنی ئەو حیزبە، کاک نەوشیروان کەسی یەکەم، یان دووەم بووە. بۆیە بە ناوی ڕۆژنامەکەمانەوە پیرۆزبایی لەو یادە دەکەین.

ئێران و ئەمریکا بەرەو قۆناغێکی نوێی پەیوەنی عەبدوڵا ڕیشاوی ل٥
گەورەیی پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠)، عومەر مەعرووف بەرزنجی.. ل
ئەمین قادر مینە، ئەو پێشمەرگەیەی خەبات و تێکۆشانەکەی بە.. ل

**ڕۆشنگەری:** بەڕێز کاک نەوشیروان گفتوگۆکەمان تایبەت بە ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی!

**کاک نەوشیروان:** تۆ جارێ بۆم باس بکە کە تۆ باس لە بزوتنەوەیە نەتەوەیی دەکەیت، مەبەست کام میللەتانەیە.

**ڕۆشنگەری:** مەبەستەکەمان زیاتر مەبەستێکی گشتگیرییە پێمان باشە سەرەتا لەو بۆچونانەوە دەست پێ بکەین کە لەناو ڕۆشنبیران و ستاسەتمەداراندا واتە هەوڵێکی نوێ بەدی دەکرێت بۆ سەرلەنوێ تەفسیر کردن و خوێندنەوەی ناسیۆنالیزم، ئەو بزوتنەوانەی کە گوزارشت لە ناسیۆنالیزم دەکەن، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوێی ئەو خوێندنەوەیەدایە.؟ سەرەتاکانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە.

**کاک نەوشیروان:** بێگومان سەد ساڵ زیاترە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد دەستی پێکردوە، واتە: لای خۆمەوە پێموایە لە ساڵی ١٨٨٠وە لە جوڵانەوەی شێخ عەبدوڵای شەمزینییەوە جوڵانەوەی کورد وەک جوڵانەوەیەک بونی هەبوە لە پێناو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیدا، لە پێناوی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیدا، لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی چارەنوسدا، بۆیەوەی کە خۆی حاکمی وڵاتەکەی خۆی بێت، ئەو جوڵانەوەیە دەستی پێ کردوە، ڕەنگە ئێمە پێش هەندێ میللەتی تر دەستمان پێ کردبێت، زۆر میللەتی دونیا لەدوای ئێمەوە دەستیان پێ کردووە، مافی خۆیان بەدەست هێناوە، ئێمە هێشتا ڕزگاریمان بەدەست نەهێناوە بەبەراورد لە نێوان میللەتی ئێمەو جوڵانەوەی میللەتانی تردا گیانی مقاومەتی بەرگری و بەرەنگاری بونەوە، بێگومان لەناو کورددا زۆر بەهێز بوە، زۆر جاری وابووە بۆ نمونە مەسەلەی شۆڕشی چەکداری دەستی پێ کردووە، مەسەلەی ئەوەی کە شۆڕشی چەکداری کورد بە دەستی خۆی هەڵبژاردووە لە پێناو ڕزگاری نەتەوەکەدا بووە. هەندێ جار بە دەستی خۆی ئەو جۆرە خەباتەی هەڵبژاردوە، هەندێ جار سەپاندویانە بە سەریا. چونکە هیچ ڕێگەیەکی تر نەبوە بۆ بەرگری کردن لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی تەنها پەنابردن بۆ چەک نەبێ، بێگومان جوڵانەوەی کورد جوڵانەوەیەکی سلمی نەبوە، وەک ئەوەی کە هندییەکان کردویانە بۆ ڕزگار بون لە بەریتانیا، ئەوەی کە پێی دەڵێن مقاومەی سلمی بە پێشوایەتی غاندی ئەوان کردویانە، ئەوەی ئێمە مقاومەی چەکداری بوە، تێکەڵاو بوە بە خوێن، تێکەڵاو بوە بە خاک، بەڵام کورد وەکو نەتەوەیەک من حەز دەکەم لە پێشدا ئەوە ڕوون بکەمەوە هەندێ لەو وشانە لەلای ئێمە تێکەڵ و پێکەڵ بون، واتە کاتێک کە ئێمە بەراوردی جوڵانەوەکەی خۆمان دەکەین، هەندێ وشە وەکو ناسیۆنالیزم وەکو نەتەوە بزوتنەوەی نەتەوەیی وەکو دەوڵەت، دەوڵەتی نەتەوەی، نەتەوەی دەوڵەت، ئەمانە لەناو ئێمەدا تێکەڵاو بون، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان دەوڵەتمان نەبوە. بۆ نمونە: لەناو میللەتانی دنیادا دەوڵەتی وا هەیە لەناو داخلی دەوڵەتەکەیا چەندین نەتەوەی جیاجیای تێدایە کە چەندین زمانی جیاجیایان هەیە، ڕەگەزی جیاجیایان هەیە، بەڵام بە دانیشتوانی ئەو دەوڵەتانە بە هەمویان نەتەوەیان پێ دەوترێ، بەڵام بە زمانی ئینگلیزی (نەیشن) یان (ناسیۆن)یان پێ دەڵێن، وەکو نەتەوەکانی دونیا، ئێمە خۆمان بە نەتەوە دەزانین بەڵام دەوڵەتمان نییە، واتە زۆرجاری وا کە لەگەڵ خەڵکدا مناقەشە دەکەیت ئێمە بە نەیشن حساب ناکەن، چونکە ئێمە سنورێکی سیاسیمان نییە جیامان بکاتەوە لە خەڵکانی تر، لە چەند وڵاتێکدا دابەشکراوین و دانراوین بە بەشێک لە ئەوان کە بە زمانی ئینگلیزی تۆ بتەوێت لەسەر ئێران بنوسیم دانیشتوانی ئێران وەکو (نەیشن) تەماشا ئەکرێ، ڕەنگە لە ئێستادا سەرجەمی ئەو خوێندنەوەو باسانە لەو چوارچێوەیەدا بسوڕێتەوە کە تەعبیر لە جۆرێک لە بزوتنەوە و ڕۆحێکی ناسیۆنالیزمی دەکات، بەڵام شێوازێکی تازەو بەخشینی مانای تازە.

**ڕۆشنگەری:** گەر لێرەدا قەوسێکی بچوکمان بدەیتێ، ئیریک هۆبز باوم خاوەن (تیۆری کۆتایی مێژوی ناسیۆنالیزم) پێی وایە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵات دەوڵەتی نەتەوەییان پێک هێناوە، تەقلیدی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕۆژئاوایان کردوە بە جیاوازی ئەوەی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵات جیاوازن لە رووی پێکهاتەی ئیتنیکی و کلتوری و ڕەگەز و زمان و... هتد. رای بەڕێزت چییە بەرامبەر ئەو بۆچونانە.؟

**کاک نەوشیروان:** لە ئەوروپاش وایە، بۆ نمونە دەوڵەتی بەریتانیا چوار نەتەوەی تیایە، چوار نەتەوەی جیاوازیش (ئینگلیز، سکوچ، وێڵش، ئایریش) واتە چوار نەتەوەی جیاواز پێکەوە یەک دەوڵەتیان دروست کردوە، هەر بۆیەش بەریتانیای گەورەی پێ دەڵێن مەملەکەتی یەکگرتوو، لەبەر ئەوەی نەتەوەو زمان و جیاوازی تێدایە، هەرچەندە ئینگلیز لە کاتی خۆیدا هەوڵیاندا هەمویان بتوێننەوە لە روی زمانییەوە هەتا ئیرلەندییەکانی وا لێکردوە هەندێکیان ئەوانەی کە لە تەمەنی ئێمەدان زمانی خۆیان لە بیر چوەتەوە، بەڵام چەند ساڵێکە لە



مەکتەبەکاندا زمانی ئیرلەندی دەخوێنرێت، لەبەر ئەوە منداڵەکانیان ئێستا خەریکن فێری ئیرلەندی ببن، بەڵام گەورەکان نایزانن. لە ڕێگەی خوێندەوەوە منداڵەکانیان خەریکە فێر ئەبنەوە، وە لەناو ئەوانیشدا لەناو ئیرلەندییەکان و سکوچەکان و وێڵشییەکانیشدا جۆرێک لە بزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازی تێدایە، واتە ئەیانەوێ جۆرێک لە سەربەخۆیی خۆیان هەبێ، تەنانەت هەندێکیان داوای جیابونەوە ئەکەن کە ئەگەر کەمایەتییەکە مەبەستم ئەوەیە لە ئەوروپاش ئەوە مەرج نییە، واتە لەسەر ئەساسی ئیتنیک دەوڵەت دروست نابێ.

**ڕۆشنگەری:** هەردوو لێکۆڵەر (مارتین و لۆمۆبەر) پێیان وایە زیاتر لە هەشت هەزار جۆری ئیتنیک و زمانەوانی هەیە، ئەمانە بە مەرحەلەو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیون و بەشێکیان لە سەردەمی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەرییەوە توانیویانە دەسەڵات لە پیاوانی دینی بسەننەوە و دەوڵەتی نەتەوەی خۆیان بونیات بنێنن، ئەم قۆناغە مێژوییە میللەتی ئێمە بە خۆیەوە نەدیوە، هۆکارەکانی بەلای تۆوە چین.؟

**کاک نەوشیروان:** لە بەر ئەوەی من باسم کرد لە ساڵی ١٨٨٠وە بە مەفهومێکی تازە جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی دەستی پێکردوە، پێش ئەوەش تۆ ئەگەر ئەمارەتە کوردەکان، لەوانە ئەمارەتی بابان و سۆران و بۆتان، بەتایبەتی ئەوانەی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بون، زۆر محاوەلەیان کردوە بانگی سەربەخۆییان داوە وە تەقەلای ڕزگاری و ئازادبونیان داوە، سەرنەکەوتون. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمیشەوە کە ئیمپریالیزم هاتە ناوچەکەوە نفوزی ئەوان لەناوچەکەدا بەهێز بوو، پەیمانی (سایکس بیکۆ) بەسترا، ئێمە نەمانتوانیوە شتێک بکەین، واتە ئەوەی کە دەیویست وڵاتەکەی دابەش بکات و کورد بەستێتەوە بەو وڵاتانەی ترەوە، هێزی ئەوان زۆر زۆر بەهێزتر بو لە هێزی کورد، واتە هاوسەنگییەک نەبوو لە نێوان هێزی کوردی و هێزی ئەواندا، جگە لەوەش ئەتوانین بڵێین گونجاندنێک نەبو لە ستراتیژیەتی جوڵانەی کوردیدا لەگەڵ ستراتیژیەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکاندا، لەبەر ئەوە ئێمە نەمانتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنین لەو کاتەدا.

**ڕۆشنگەری:** با مەنهەجی ستراتیج لە ڕووی تیۆرییەوە گرێ بدەینەوە بە بۆچونەکانی ئارنست جیلنەرەوە...

**کاک نەوشیروان:** من خۆم ئەوە ناناسم، نازانم کێیە.

**ڕۆشنگەری:** ئەو نوسەرە پێی وایە دوو هۆکاری ئیرادەو ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمدا و بە ڕەچاوکردنی هۆکارەکانی تریش، تۆ پێتوایە ئەو دوو هۆکارە ڕۆڵیان بینیبێ لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

**کاک نەوشیروان:** بەڵێ پێموایە، بۆ نمونە تۆ ئەگەر بڕۆیت شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بخوێنیتەوە زۆر بە ئاشکرا تیایەتی، ئیرادەی قەومی ئەتوانێ لە شیعرەکانیدا بخوێنتەوە، جگە لەوە هەندێک لە شیعرەکانی ئەتوانی وەک بەیانی سیاسی تەماشا بکەیت، لە ڕێوشوێنی دروست کردنی دەوڵەت و ڕێوشوێنی ڕێکخستنی جوڵانەوەی کوردی باسی کردووە، واتە ئەگەر بێیت لە ڕووی نەزەرییەوە سەیری بکەیت ئەتوانی حاجی قادری کۆیی بە یەکێک لە مونەزیرەکانی فکری قەومی کوردی دابنێی، واتە شیعرە پچڕ پچڕەکانی ئەگەر سەرلەنوێ کۆ بکەیتەوە ئەتوانیت وای دابنێیت کە حاجی قادر هەوڵی داوە کە جوڵانەوەی کوردی تیۆریزە بکات، واتە تیۆرییەکی تازە جوڵانەوەی کورد بهێنێتە پێشەوە کە حاجی قادر ساڵی ١٨٩٧ مردوە، واتە لە سەردەمی خۆیا شتی وای وتوە، ئەمانە بۆ سەردەم و زەمانی خۆیان توانیویانە ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ ببینن لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمیدا، جگە لەوە تۆ ئەگەر حسابی ئەوە بکەیت لە دەرکردنی ڕۆژنامە، کە بە شتێکی گرنگ دادەنرێت لەبەر ئەوەی لەسەردەمی عوسمانیدا ڕێگە نەدراوە هیچ ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربچێت، بەدرخانییەکان ڕۆشتون لە شاری قاهیرەدا لە ساڵی ١٨٩٨ ڕۆژنامەیان بە ناوی کوردستانەوە دەرکردوە، وە پێش ئەوەش وەکو باسم کرد شێخ عوبەیدوڵای شەمزینی سەرکردایەتی ئەو جوڵانەوەیەی کردووە، هێزی کوردی لە کوردستانی تورکیاوە هێناوە بۆ ناو داخلی ئێران بۆ ئەوەی کوردستانی ئێران ڕزگار بکات، پاش

ئەوەی کە کوردستانی ئێرانی رزگار کرد هاتەوە بۆ تورکیا بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

**رۆشنگەری:** باشە عونسوری دوەم کە ئیرادەیە.؟

**کاک نەوشیروان:** تۆ باسی ئیرادەت کرد، ئیرادە هەبو لەبەر ئەوە ئەگەر لەناو رەشایی خەڵکیدا نەبوبێ، لەناو هەڵبژاردەی کۆمەڵدا هەبوە، عادەتەن ئەو شتە لەناو نوخبەدا دروست ئەبێ، لەناو هێزی خوارەوەدا دروست نابێ، تەنها لەلای نوخبە ئەو بیرۆکەیە گەڵاڵە ئەبێ و گەشە دەکات. ئەوانیش دێن رابەری کۆمەڵگا دەکەن و کۆمەڵ بە ئیتیجاهە ئەبەن، کە زەمینەی فکرەی ناسیۆنالیزمی و نەتەوە پەروەری تێدا نەشونما بکات، دواتر ئەمە دەبێتە زەمینەیەکی مەعریفی و تیۆری ناسیۆنالیزم بە گشتی.

**رۆشنگەری:** کەواتە پێتوایە رۆشنبیرییەک هەبوە توانیویەتی گوزارشت لەو بزوتنەوانە بکات.؟

**کاک نەوشیروان:** بەڵێ رۆشنبیریشمان هەبووە چ نوسراو چ شەفەهی، فۆلکلۆری کوردی ئەگەر بێیت بە چاکی شیبکەیتەوە، هەمو ئەو سەروەریانەی کە وەختی خۆی قارەمانەکانی مێژوی کورد هەیان بوە، وەکو نمونە بەیتی دمدم، ئەورەحمان پاشای بابان، چەندینی تر. ئەمانە لە فۆلکلۆری کوردیشدا بگەرێیت کورد هەوڵی داوە کە قارەمانەکانی خۆی بە زیندویی بهێڵێتەوە. پەنجەی بخاتە سەرو نیشانی بدا و بە گۆرانی وتویانە و لە دیوەخانەکاندا خوێندویانەتەوە و زۆر جاری وا هەبوە قائیدی وا هەبوە هیچ پەیوەندییەکی بە جوگرافیای ناوچەی ئێمەوە نییە، کەچی بەیتەکەی لەلای ئێمە مەشهور بووە. لە کوردستانی تورکیا بەیتەکەی مەشهور بوە و کە ئەوەش یەکێکە لە شەڕەکانی کورد لەگەڵ غەیرە کورد دا. خۆ ناسینی کورد بەوەی کە بڵێ من کوردم و خۆی جیا بکاتەوە لە عەرەب و فارس و تورک ئەمە خۆی یەکەم دەلیلی ئەوەیە کە کورد سەربەخۆیی میللەت و زمانەکەی خۆی بپارێزێت و کەسایەتی سەربەخۆی خۆی بپارێزێت.

**رۆشنگەری:** لە مەسەلەی بونی ئیرادەدا، مەبەستم ئیرادەیەکی دەستە جەمعیە، ئیرادەیەک وەک داینەمۆی خەبات و بەرەنگار بونەوە لە پێناو یەکگرتنەوەدا، بەڵام ئیرادەیەکی رێکخراو هەڵگری جۆرێک لە گوتاری سیاسی جیاواز لەو ناکۆکییانە کە لە نێوان ئەمارەتەکانی سۆران و بابان و بۆتان... هتد هەبووە، بە کورتی ئیرادەی ناسیۆنالیزمی کوردی..؟

**کاک نەوشیروان:** کاکە تۆ ئەگەر باسی یەکێتی و یەکگرتنی نەتەوەیی بکەت، دوو نمونە هەیە یەکێکیان هی ئەڵمانیا و یەکێکیان هی ئیتاڵیایە، هیچ کامیان بە خۆشی نەبوە. ئەوانیش لە زەمانی خۆیدا وەکو ئێمە هەموو ئەمارەتی جیاجیا بوون و لە دوایدا ئەمارەتێکیان بەهێز بوە و زاڵ بوە بەسەر ئەوانی تردا، ئەوانی تری بە زۆر هێناوەتە ژێر رکێفی خۆیەوە. هەتا ئەگەر مێژوی بەریتانیاش بخوێنیتەوە لە بەریتانیاش ئینگلیز بە زۆر رۆیشتوە شوێنەکانی تری داگیر کردوە و بە سەدان شەڕی خوێناوی هەبوە لە نێوان ئەوان و ئەو شوێنانەی تردا هەتاوەکو



لە کۆتاییەکەیدا دەوڵەتێکی یەکگرتویان دروست کردوە. بەڵام لە وڵاتی ئێمە عاملی جوگرافیا کۆسپێکی زۆر زۆر گەورە بوە لە رێگەی یەکگرتنەوەی ئێمەدا، ئێمە لە چوارچێوەی جوگرافیادا هەندێ نەزەرییە هەیە ئەوانەی کە چۆن باسی قەزاو و قەدەر ئەکەن، باسی ئەوە ئەکەن قەدەری جوگرافی، جیۆپۆلیتیکی وڵاتی ئێمە وڵاتەکەی خستوەتە ناو شوێنێکەوە چەند نەتەوەیەکی لە خۆمان بەهێزتر لە ئەترافمان بوە، وە وڵاتەکەی ئێمە سەرە رێگای هاتوچۆی لەشکرە گەورەکانی مێژو بوە. لەبەر ئەوە سەیر دەکەین لە وڵاتی ئێمە نە شاری گەورە دروست بوە، نە (تراکمی) سەرمایە دروست بوە، نە خوێندنگای گەورەی تێدا دروست بوە، چونکە هەمیشە لە ژێر لولەی تفەنگی نەتەوەی لە خۆمان بەهێز تردا بوە، کە ئێمە دەرەقەتی نەهاتوین. جوگرافیای وڵاتەکەی ئێمەش وا هەڵکەوتوە لە ناو خۆماندا ناتوانین لێک نزیک ببینەوە لەبەر ئەوەی ئەوەندە شاخی گەورەی لێیە، ئەوەندە روباری لێیە، ناوچەکانی لەیەکتر دابڕیوە، واتە نەیتوانیوە ئەوەی کە پێی دەوترێ

جۆرێک لە ئینیدماج بە مەفهومەی کە دەوڵەت دروست بێ، سەیر ئەکەیت بە پچڕ پچڕی ماوەتەوە، هەتا لە ڕوی زمانەوە، زمانێک زاڵ نەبوە بەسەریا چونکە ئێمە دەوڵەتمان نەبوە. بە نمونە زمانی فەرەنسی زاڵ بوە، زمانی فەرەنسی لە وەختێکدا کە دەوڵەتیان دروست کردوە، قانونیان بە زمانی پاریس دەرکردوە لە هەمو ناوچەکاندا بە زۆر سەپاندویانە بە سەریاندا ئەنسکلۆپیدیان بۆ نوسیوە، کۆمەڵێ شت کە لە پاریسەوە دەرچوە بوەتە بابەتی ڕەسمی وڵاتەکەی، لەبەر ئەوە ناچار بون هەر چوار دورگەکەی ئەو زمانەیان وەرگرتوە و کردویانە بە زمانی ڕەسمی. ئینگلیزیش بە هەمان ئەو بابەتە بوە، ئەگەر ئێمەش مەرکەزێکی لەو بابەتەمان هەبوایە، دەوڵەتمان هەبوایە پایتەختێکی هەبوایە، زمانی پایتەختەکەی چۆن بوایە زمانی پایتەختەکەی ئەسەپاند بەسەر هەمو شوێنێکدا. بۆ نمونە تۆ کاتێک قانون دەرئەکەیت بۆ سەرانسەری وڵاتێک لە هەمو شوێنێک ئەبێ حاکمەکان ئیش بەوە بکەن، وانیە.

**ڕۆشنگەری:** بەڵێ وایە، زمان عاملی بە یەکەوە بەستنەوە و تێگەیشتن و ڕۆشنبیرییە.

**کاک نەوشیروان:** کەواتە ئەبێ زمانەکەیان فێر بێت کە وەختێ تۆ ئەنسکلۆپیدی زمانێک، بە زمانەکەی خۆت ئەنوسیت و لە هەمو ماڵێکدا دانەیەک لەو ئەنسکلۆپیدیایەی تێدا بێ کە دائیرەی ماعاریف ڕێکی دەخات، بێنە سەر ئەوەی بۆ نمونە کێ ئەیخوێنێتەوە و کێ تەماشای دەکات، بۆ ئەوەی ئەو بزانێت، فێر بێت ئەگینا تێناگەیت و سودی نابێت، من دێمەوە سەر ئەوەی کە ئێمە هەم ئیرادەمان هەبوە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆمان کە ئەوە دەتوانیت بڵێین تواندنەوەی بەرزترین شێوەی هەست و هۆشی نەتەوەیی بوە و لە گەڵێکدا بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی تایبەتی خۆمان هەبێ و جیاو لەوانەی تر، هەم ئێمە سەقافەتی تایبەتی خۆمان هەبوە. یانی تۆ ئەگەر بڵێیت هەم نوسراویشمان هەبوە چەندین بابەتی شەفەهیمان هەبوە شتی لە بابەتانەمان هەیە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا لە نهایەتی قەرنی نۆزدەشەوە ڕۆژنامەمان هەیە، گۆڤارمان هەیە، شتی لەو بابەتانەمان هەیە. کە خۆی لە خۆیدا مانەوەی ئەو سەقافەتە کوردییە.. لەو سەروەتانە دەژمێرێت کە کار لە گوتاری ناسیۆنالیزمی کردوە.

**ڕۆشنگەری:** گوتاری ناسیۆنالیزم لە دەستە بژێرەکانەوە دەخوڵقێت، تا دەگاتەوە بونی هەستێکی هاوبەش، بەردەوام خەتەری نەخوڵقاندنی ئەو هەستە هاوبەشە، خەتەر بۆ سەر کیانی نەتەوەیی، لەگەڵیا هەستی نەتەوەیی کۆمەڵێک پێگەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و... هتد هەیە، کە دواتر کیانێکی سیاسی نەتەوەیی پێک دەهێنا. لە هەمانکاتدا فکرەی ناسیۆنالیزم بەناو بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی.. هتد تێدەپەڕێ و دواتر کەسایەتییەکی نەتەوەیی دەخوڵقێنێ..

**ڕۆشنگەری:** تەسەور دەکەیت ئەم شێوازە کە پوختەی پرۆژەیەکە لە تاکی کوردیدا دروست بوبێ.؟ کە تێیدا هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد بوو بێت.!

**کاک نەوشیروان:** من پێموابێت ئەو مەسەلانەی باست کرد ئەوە ڕاستن، بەڵام جوڵانەوەی نەتەوەیی یان فکری قەومی ئەویە کە ئێوە پێی دەڵێن گوتاری ناسیۆنالیزمی، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەگۆڕێت. لە زەمانێکدا ئەوروپییەکان شانازیان کردوە بە قارەمانەکانی جەنگەوە. بۆ نمونە جەنگاوەرەکانیان و مارشاڵەکانیان کە شەڕیان بردوەتەوە پەیکەریان بۆ دروست کردون، لە ساحە گشتییەکاندا شیعریان بەسەردا وتون و گوڵ بارانیان کردون و بە شانازییەوە منداڵەکانیان فێری ناوەکانی ئەوان کردوە. لەم زەمانەدا ئەوە نەماوە، لەم زەمانەیەدا چی ئەکەن.؟ شانازی ئەکەن بە وەرزشکارەکانیانەوە، شانازی ئەکەن بە گۆرانی بێژ و مۆسیقارەکانیانەوە. بۆ نمونە کابرایەکی وەک (مایکڵ جاکسن) ئەو شەعبیەتەی کە ئەو هەیەتی زۆر زۆر زیاتر لە (نورمان شوارزکۆف) کە هات شەڕی خلیجی بە سەرکەوتویی ئەنجامدا. واتە هەمو ماڵێک و گەنجێک و منداڵێک ئەزانن مایکڵ جاکسن کێیە، ئەزانن مادۆنا کێیە، بەڵام نازانن (شوارزکۆف) کێیە. ئەبێ بڵێی (شوارزکۆف) کێیە. واتە ئەو قۆناغە تێپەڕ بوە کە قارەمانی جەنگ بۆ نمونە (جۆرج واشنتۆن) قارەمانی جەنگی وسەربەخۆییە، هەتا ئێستا شانازی پێوە ئەکەن و باسی ئەکەن. بەڵام چیتر باسی قارەمان تازەکانیان ناکەن کە لە ڤێتنام و لە فڵانە جێگاو فیسارە جێگا بوە. هەمو میللەتان کە ئێوە ئێستا خۆتان ئەبینن کە ئەبێ بە یاری تۆپی پێ یاخود یاری ئۆڵۆمپی چەندین هەزار کەس ئەڕوا بۆ پشتیوانی کردن لە تیپی یاریکەری وڵاتەکەی خۆی. جاری وا هەیە شەڕی تێدا ئەبێ و خەڵکی تێدا ئەکوژرێ. واتە یاریکەرەکان ئەوەندە خەڵک هەیە کە ئیعجابیان بۆ دەرئەبڕن. کە تێیدا وەک قارەمانی نەتەوەیی تەماشایان ئەکەن. فیعلەن ئەمانە وەک


قارەمانی نەتەوەی وان. بۆ نمونە گۆرانی بێژی وا هەیە کە لە وڵاتەکەی خۆی ئەچێتە دەرەوە لە وڵاتێکی تر فەترەیەک ئەمێنێتەوە. گەڕان ئەکات و گۆرانی ئەڵێت و (CD)ییەکانی بڵاو ئەبێتەوە، جاری وا هەیە دە ملیۆن دۆلار بۆ وڵاتەکەی خۆی پەیدا ئەکات، ئەمە لە وڵاتی خۆیاندا زۆر بە شانازییەوە باسیان ئەکەن. واتە مەبەستم لەوەیە کە مەفهومەکانی ناسیۆنالیزم لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ئەگۆڕێت، واتە ئەوەی کە تۆ باسی ئەکەیت راستە فکری نەتەوەی ئەبێ جانبی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت، لایەنی رۆشنبیری هەبێ. ئەو لایەنانە هەمو بە یەکەوە بەستراوە بەڵام تۆ لە وڵاتێکدا کە خۆت ژێر دەستەیت، دەوڵەتت بە دەستەوە نیە، چۆن ئەتوانیت بۆ نمونە سیمای ئابوری خوڵانەوەکەت خۆت دیاری بکەیت لە کوێدا دەرئەکەوێت لە کاتێکدا تۆ دەوڵەتت هەبێ، ئەو دەوڵەتە رێبازی سەرمایەداری ئەگرێت، رێبازی سۆسیالیستی ئەگرێ، رێبازی تێکەڵاو ئەگرێ، لەوە دەتوانێ ببینێتەوە کە تۆ دەوڵەتت بەدەستەوە بێت. کە دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بێ، ئەتوانێ خۆی ببینێتەوە لە رۆشنبیرییەکی گشتیدا، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا یا لە هەمو لایەنەکانی ژیاندا بەڵام کە تۆ دەسەڵاتی سیاسیت بە دەستەوە نەبو حزبێک ئەتوانێ لەناو ئەندامەکانی خۆی بەو شتانەی پەروەردەی بکات، بەرنامەیەکی هەبێ ئەو بەرنامەیەی خۆی بڵاو ئەکاتەوە. بەڵام کە دەسەڵاتی سیاسی نەبو ناتوانێ بەرنامەیەک جێبەجێ بکات. بێگومان هەمو جوڵانەوەیەکی نەتەوەی جۆرێک لە بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە بەسەر ئەو مەسەلانەوە بەڵام وەختێک ئەتوانێ ئەو شتانە جێبەجێ بکات کە دەسەڵاتی سیاسی بێتە دەست. هەندێ جاری وا هەیە خوڵانەوەی نەتەوەی تێکەڵاو ئەبێ بە مەزهەب. بۆ نمونە شەڕی ئیرلەندییەکان و ئینگلیزەکان لەسەر مەزهەبە، راستە دو رەگەزی جیاوازن و دو زمانی جیاوازن، یا دو نەتەویە جیاوازن بەڵام لە هەمان کاتدا دو مەزهەبی جیاوازیشیان هەیە، ئەمیان کاسۆلیک ئەویان پرتستانت. دیارە شەڕەکەیان لە ئەوەوە دەست پێدەکات کاتی خۆی پرۆتستانت زاڵ بوە بەسەر ئەو وڵاتەدا و کاسۆلیکەکانیان قەتڵ و عام کردوە و کوشتویانن. پرۆستانتەکان دەسەڵاتی سیاسیان بە دەستەوە بوە. کاسۆلیکەکان ژێر دەستە بون، لەو زەمانەوە تا ئێستا ئینگلیزەکان کە چون ئیرلەندییەکانیان شکاندوە هەمو ساڵێک بۆ ئیهانە کردنی ئیرلەندییەکان رێپێوان و مەسیرە ئەکەن، ئەچن بە گەڕەکەکانی ئەواندا ئەسوڕێنەوە و پێیان ئەڵێن ئێمە ئەوەندە ساڵە پێش ئێستا و ئەوەندە ساڵە بەسەر ئێوەدا زاڵبوین و ئێوەمان شکاندوە، جا ئەوە وەکو باسمکرد بە گوێرەی زەمان ئەگۆڕێ و بە گوێرەی زەمەنیش ئەگۆڕێ. واتە مومکینە لە قۆناغێکدا شتی وا روبدات، بۆ نمونە ئێوە بیستەکان بێهننە بەرچاو لە کوردستانی خۆماندا لەبەر ئەوەی لە بیستەکاندا ئەوەی کە پێی دەوترێت پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە بیستەکاندا دەستی پێکردوە. کەمال ئەتاتورک لە تورکیادا بەرەو ئەوە رۆشتوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی تورک دروست بکات، رەزا شا لە ئێراندا بەرەو ئەوە رۆشتوە دەوڵەتی نەتەوەیی فارس دروست بکات، عەرەبەکانیش بەرەو ئەوە رۆشتون دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی دروست بکەن لە عێراق و سوریا و میسر و عەرەبستانی سعودیە، هەروەها ئەفغانستان بەرەو ئەوە رۆشتوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی ئەفغانی دروست بکات. ئێمە وەکو کورد کە پارچەیەک بوین لەم وڵاتانەی لای خۆمان لە هەمو لایەکەوە ئینکاریان لە زمانی کوردی کردوە، بۆ نمونە تورک گوتویەتی کورد زمانی نییە، پێنج سەد وشەی هەیە باقی وشەکانی تری تێکەڵاوە لە عەرەبی و فارسی و تورکی، ئێرانییەکان وتویانە کورد زمانی نییە، لەهجەیەکە لە لەهجەی زمانی فارسی ئێرانی. عەرەب گاڵتەیان پێ کردوین وتویانە زمانی ئێوە تێکەڵاوە لە زمانی فارسی و عەرەبی. لەبەر ئەوە رۆشوونبیرەکانی ئەو کاتە چییان کردوە! گرنگترین شت ئەوەیە کە کورد سیمای قەومیەتی خۆی بسەلمێنێ ئەوە بو کە ئیسپاتی بکەن کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە، سەیر ئەکەیت هەمو رۆشنبیرەکانی ئەوکاتە رویان کردۆتە بژاری زمانی کوردی، هەروەها رێزمان بۆ زمانی کوردی دابنێن، ساڵی ١٩٢٩ لە سلێمانی کۆمەڵێ بژاری زمانی کوردیان دامەزراندوە (بۆ زانینیشتان) بەردەوام بژار کردنی زمان، زمان لاواز دەکات. بەڵام ئەو زەمانە ئەرکێکی سەرشانی رۆشنبیرەکانی کورد بوە، بۆ ئەوەی بە ئێرانی و تورک و عەرەبەکانیش بسەلمێنین کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە، لەهجەی تایبەتی خۆی هەیە. واتە زمانی کوردیان پاک کردۆتەوە لە زمان و وشەی بێگانە. کە ئەگەر تێکستێکی ئەوان بخەینە بەردەمی یەکێک لەوانە (بێگانەکان) وشەیەکی لێناناسێتەوە. ئەتوانی بە کوردییەکی پەتی ئەوان بناسی. مەبەستم ئەوەیە لە هەر قۆناغێکدا لە هەر زەمانێکدا لەهەر ناوچەیەکی دیاری کراودا. جوڵانەوەی نەتەوەیی شێوەی تایبەتی بە خۆیەوە ئەگرێ، سیمای تایبەتی بە خۆیەوە ئەگرێ.

**رۆشنگەری:** بەشێک لە لێکۆڵەرەوەکان لە ناویاندا (هیگڵ) دین بە فاکتەرێکی گرنگی پێکەوە بەستنەوەی تاکەکانی نەتەوەیەک دەزانن.

پێتوایە ئەم فاکتەرە لەلای ئێمە کاریگەری سلبی هەبوبێ بۆ سەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی.؟ جیاواز لە نەتەوەکانی تر، لە ناویاندا عەرەب کە خاوەن دینی خۆیان بون.!

**کاک نەوشیروان:** رەنگە لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا راست بێ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی تردا راست نییە. بۆ نمونە تورک پێش هەزار ساڵ لەمەوپێش لە ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی دورەوە بە رێکەوتن و هاتون بۆ تورکیا، نە دینیان هەبو نە هیچ شتێکیان هەبو. ئیسلامیان وەرگرت، وە ئیسلام دینی ئەوان نەبو. ئیسلام لە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاو بو. عەرەب هێناویەتی لەگەڵ ئەوەشدا توانیان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دروست بکەن کە پێنج سەد ساڵ درێژە بکێشێ، پاش ئەوانیش (مستەفا کەمال) دەوڵەتێکی دروست کرد، ئەسڵەن لەسەر ئەساسی بێ دینی! واتە لەسەر ئەساسی علمانیەت، وە هیچ دینێکیش نییە تورک بە یەکەوە گرێ بدات. ئەوەی کە تورک بەیەکەوە گرێ بدات فکرەی قەومیە. واتە تورک بوونە کە بە یەکیانەوە گرێ ئەدات. نەک ئیسلام بون. هەر لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیاشدا، سوننەی تیایە، شیعەی تیایە، عەلەوی تیایە، لەناو سوننەشدا حەمبەلی تیایە و حەنەفی و شافعی و ئەوانەی تیایە. واتە ئەمە نەبوە بە رێگر لەبەردەمیاندا، هەتا عەرەبەکان ئەگەر دین رۆڵی ئەو رۆحیەتە یەکگرتوییەی هەبوایە بۆچی بیست دەوڵەتیان هەیە! ئەگەر دین عاملێکی بەهێزی مشتەرەک بوایە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، خۆ ئەبوایە عەرەب لەسەر ئەساسی دینی ئیسلام هەمویان یەک دەوڵەتیان دروست بکردایە. لە قۆناغێکدا ئەوە راست بوە، بۆ نمونە لە قۆناغێکدا کە بڵێین ئێران قەرزاری مەزهەبی شیعەیە، ئەگەر مەزهەبی شیعە نەبوایە لەو زەمانەدا کە ناکۆکی لە نێوان سوننە و شیعەدا هەبوە، ئەوان کە بتوانن خۆیان بپارێزن، حاجزێکیان دروست کردوە شیعەیان داهێناوە بە هۆی ئەوەوە توانییان دەوڵەتەکەی خۆیان بپارێزن لە دەوڵەتی عوسمانی و ...هتد. ئەمانە هەتاکو ئێستاش فکرەی شیعە جەوهەری بنەمای بنچینەی فکرەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێرانە. بەڵام مەزهەبەکەیان تێکەڵاو بوە بە بیری نەتەوایەتی، واتە مەزهەبەکەیان تەنها شتێکی رۆحانی نییە! واتە شتی مادیشی لەگەڵدایە کە بیری نەتەوەییە، هەستی نەتەوەیییە، جوڵانەوەی نەتەوەیییە.

**رۆشنگەری:** تورکەکان ئیسفادەیان لە ئیسلام کردوە بە مەبەستی داگیر کردن، هەروەها بە هۆی دینەوە توانیویانە چەندین نەتەوە ئیستیغلال



بکەن بۆ شەڕ کردن بۆ ئەوان، پاشان (مستەفا کەمال ئەتاتورک) نەیتوانیوە رەگی دین لەناو تورکدا هەڵبکەنێ. رەنگە چەندین تاکتیکی جۆراوجۆری پیادە کردبێ بۆ دروست کردنی دەوڵەتی تورکیا، دەبینین لە فەرەنسا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا و... هتد. ئیتاڵیا دین نەماوە کەچی لە تورکیا بە بەردەوامی ئەم کێشەیە بە بونی هەیە.

**کاک نەوشیروان:** جا من قسەت پێ دەبڕم، لێم ببورە. من نەموت رەگ و ریشەی دینی دەرهێناوە، من پێموابێت دو رەگ هەیە بە هیچ کەسێک دەرنایەت، یەکێکیان رەگی دینییە لە دەرونی مرۆڤدا هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ دەریبێنێت. ئەوی تریان رەگی نەتەوەییە واتە رەگی نەتەوایەتیش لە بیری مرۆڤدا کە ئەچەسپێت لە منداڵییەوە بە هیچ جۆرێک بە کەس ناتوانرێت دەربهێنرێت، من مەبەستم ئەوە نەبوە کە رەگی دینی دەرهێنابێ بەڵام کەمال ئەتاتورک لەسەر مەسەلەی مەزهەب و دین نەهات دەوڵەت دروست بکات. دەوڵەتێکی تازەی دروست کرد لەسەر ئەساسی جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، هەمو قانونێک کە لە تورکیادا هەیە سەرچاوەکەی هی شەریعەتی ئیسلام نییە، شەریعەتی ئیسلامی خستە لاوە، لەوەو پێش خەلافەتی نەهێشت، هەڵیوەشاندەوە. شەرعیەت لەوەو پێش بڵێین بنچینەی قانونەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوە وە ئیشیان بە شەرعیەت دەکرد لە مەحکەمەکان، ئەوان شەرعیەتیان سەرونگوم کرد، قانونی تازە دانراوی هێنا کە سەرچاوەی هەمو قانونەکانی ئەوروپا و ئەوانەیە، دینی دەوڵەتی رەسمی کە ئیسلام بوو ئەسڵەن ئەمەی هەر لابرد، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا موسوڵمانی هەر لێ نییە، موسوڵمانی تێدایە بەڵام دەوڵەتەکەی دەوڵەتێکی ئیسلامیش نییە، لە ئەوروپاش دین نەفەوتاوە، لە شوێنێکی وەکو ئەڵمانیا دو حزبی گەورە هەیە کە منافەسەی یەکتر دەکەن، یەکێکیان سۆسیال دیموکراتە، ئەوی تریان کریستیان دیموکراتە. واتە مەسیحی دیموکرات ئەوانە هەمو ئەو حزبانەن کە لە ئەوروپا لایەنی کۆنە پارێزی ئەگرن. بەشێک لەوانە دینیان تێکەڵاوی ئیشەکانیان کردوە. **کۆتایی بەشی یەکەم... ماویەتی.**

# ئێران و ئەمەریکا بەرەو قۆناغێکی نوێی پەیوەندی دەڕۆن

**عەبدوڵا ڕیشاوی**



بەپێچەوانەی قۆناغی پێش کۆرۆنا لە ئێستادا کۆمەڵێک ئاماژە و هۆکار هەن، دەکرێت وەک سەرەتای لەیەک نزیکبونەوەیەکی نوێ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ئێراندا تەماشا بکرێت.

ئاماژەکان:

١. لەچەند ڕۆژی ڕابردودا ڕابەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی عەلی خامەنەیی تویتێکی ئاینیی بە مەغزایەکی سیاسی کرد، لە تویتەکەدا عەلی خامەنەیی باس لە ئیمامی حەسەن دەکات وەک پێشەوایەکی ئاشتیخواز کە دەستی ئاشتی و ڕێککەوتنی بۆ نەیارەکانی درێژکردوە. لە مێژوی ئیسلامدا ئیمام حسەین کوڕی عەلی ڕەمزی شۆڕش و ڕوبەڕوبونەوەیە، بەڵام ئیمام حەسەن کوڕی عەلی ڕەمزی ئاشتەوایی ڕێککەوتنە، ئیمام حەسەن کاتێک بینی ڕوبەڕوبونەوی معاویە بەرژەوەندیی تێدا نیە، لەگەڵ معاویە ڕێککەوت، بەڵام ئیمام حسەین لەبەرامبەر یەزید وەستایەوە تاخۆی و ماڵ و منداڵی شەهید بون. شرۆڤەکاران ئەو تویتەی خامەنەئیان وەک کۆدی بانگەواز بۆ ئاشتی و ئامادەیی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمەریکا لێکدایەوە، چەند ساڵ پێشتر خامەنەئیی هەمان کۆدی ئیمام حەسەنی وەک ڕەمزی ئاشتی بەکارهێنابو، پاشتر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەدوادا هات کە خەڵکی ئێران زۆر پێی دڵخۆش بون، کۆدەکەی خامەنەیی وەک دوا هەمین بڕیاردەر لە سیاسەتی وڵات، بۆ ناوخۆ وەک گڵۆپی سەوز و بۆ دەرەوەش وەک مەسج دەبینرێت.

٢. هەڵبژاردنی مستەفا کازمی وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەگەرچی کازمی وەک سیاسیەک لەسەر ئەمەریکا هەژماردەکرێت، بەڵام لە دانانەکەیدا بەپێچەوانەی کاندیدەکانی تر جۆرە هاودەنگیەکی لەسەر بو، بەپێی زانیاریەکان ئێران بەدانانی نەک هەر ڕازی بوە، بەڵکو لە پەرلەماندا لۆبیشی بۆ کردوە و داوای لە هێزەکانی نزیک لە خۆشی کردوە دەنگی پێبدەن، هەربۆیە کازمی بەدەر لەهەمو کاندیدەکانی تر پۆستەکەی وەرگرت و دەنگی زۆرینەشی هێنا.

٣. ئازادکردنی چەند کەسی دەستگیرکراوی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە لە چەند ڕۆژی ڕابردودا، گرنگترینیان زانای بەناوبانگ سیروس عەسکەری کە ماوەیەکی زۆرە سەرەڕای سەلماندنی بێتاوانیەکەی لەلایەن دادگای ئەمەریکاوە تا چەند ڕۆژی پێشتر هەر دەستبەسەر بو، بەڵام ڕۆژی یەکشەمە جواد زەریف ئازادبونی ڕاگەیاند.

٤. بەپێی ئەو هەڕەشانە بێت پاش کوژرانی قاسم سولەیمانی ئێران ئاراستەی ئەمەریکای کرد، دەبوا لە ئێستادا بەرەی ململانێی ئەمەریکا و ئێران زۆر گەرم و پڕ ڕوداو بوایە، بەڵام لە ئێستادا بەتەواوی ساردبونەوە لەم بەرەیەدا دەبینرێت.

**هۆکارەکان:**

دەکرێت قۆناغی پەتای کۆرۆنا بە یەکێک لە ڕاستەوخۆترین هۆکارەکان دیاری بکەین بۆ ساردبونەوەی توندیەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، لەپاش هێرشی سەرباڵیۆزخانەی ئەمەریکا و پاشان کوژرانی قاسمی سولەیمانی. پەتای کۆرۆنا لێدانێکی گەورەی بەهەردو وڵات گەیاندوە، بەتایبەت ئێران کە بەرگەی کارەساتێکی لەم شێوەیە ناگرێت و ئەمەریکاش لەگەڵ ئەوەی هەرگیز ئەوەی بە پێویست نەزانیوە ئێران بەتەواوی لەناوبەرێت، ئەوا پێدەچێت هاتنی کۆرۆناش هۆکارێکی یارمەتیدەر بوبێت بۆ ئەوەی ئامانجی فشارەکانی ئەمەریکا لەسەر ئەم وڵاتە بۆ ملکەچکردن زوتر بەروبومەکەی هاتبێتە بەرهەم. سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ لە فشار و دژایەتیکردنی هەر وڵاتێک ئامانجەکەی ناچارکردنیەتی بە ڕێککەوتن، واتە بە پێچەوانەی ئۆباما، هەرگیز ترەمپ نەیویستوە لە ڕێگەی نەرمی نواندنەوە زەمینەی گفتوگۆ ئامادە بکات، بەڵکو لە ڕێگەی فشار و زۆرو هەڕەشەوە ئەوە دەکات، ڕاستیش ئەوەیە ئەم سیاسەتەی دۆناڵد ترەمپ زیاتر لە سیاسەتە نەرم و ئاشتیخوازانەکەی ئۆباما بەروبومی هەبوە، خۆ ئەگەر کۆرۆنا نەبوایە ئەم سیاسەتی قامچیەی ترەمپ کاریگەری زیاتری لەسەر جیهان بەجێدەهێشت. ئێران خۆی باش دەزانێت ناتوانێت بچێتە هیچ جۆرە جەنگێکەوە لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێت وەک پێشەوای بەرەی مقاوەمە ئەو ڕۆڵە بەئاسانی لەدەستبدات، بێگومان ئەو قۆناغەش هەر دەهات کە ئێران واز لەم پێشەوایەتیە بهێنێت، لانی کەم بەوشێوەیەی ئەمەریکا پێی ڕازی نەبون و پیی قەڵس بون، بۆیە لە ئێستادا هاتنی کۆرۆنا و بونی دۆناڵد ترەمپ بەسەر سیاسەتی ئەمەریکاوە و دەرکەوتنی خاڵە لاوازەکانی ئێران و لەهەمانکاتدا سەرقاڵبونی جیهان بە کۆرۆنا وەک قۆناغێکی نوێ و لەپاڵیشیا دوچاربونی ئەمەریکا بە هەمان کێشە و هاتنەپێشەوەی چین بۆ سەری سەرەوەی لیستی نەیارەکانی ئەمەریکا، هەمو ئەمانە پێدەچێت زەمینەی لێکنزیکبونەوەی ئێران و ئەمەریکای باشتر ڕەخساندبێ .لە ئێستادا دوژمنی یەکەمی ئەمەریکیەکان و دۆناڵد ترەمپ تەنها چینە، وەک سەرچاوەی یەکەمی ڤایرۆسەکە، بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتوش دۆناڵد ترەمپ پێویستی بە دژایەتی کردنی هیچ وڵاتێک دیکە نیە چین نەبێت، بۆیە ئێستا چین و کۆرۆنا بون بە چەقی بزواندنی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، ئێران لە لیستەکەدا کەمێک پاشکشەیکردوە.

# له نێوان ڕەخنەی فكری و شەڕی كۆڵانەكاندا!



ئەمیری مام والی

**پێشینانمان وتویانە: شکۆمەندی بۆ ئەو کەسەی ناتەواوی تێدا نیە کە ئەویش خودایە.**

ئەو دۆخەی کە ئێستا لە نێو شەقامی کوردی و ڕەخنەگر و نوسەرەکانیدا دەبینرێت بەهیچ جۆرێک ناچێتە قاڵبی ڕەخنە گرتنی فکریەوە، ئەوەی ئەبینرێت لە شەڕی دوو کۆڵان ئەچێت کە هەموو بنەماکانی تیادا پێشێل دەکرێت. ڕەخنە کاتێک بێ بەها دەبێت کەتێکەڵ بە ڕق و کینە بکرێت، ئەوەی ئێستا دەیبینین لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەشێت ناوی بنێین خۆ بەخودا بینینی کەسەکان و بە عەبد دیتنی بەرامبەرەکانیان، مرۆڤ هەرچی بێت هەڵە دەکات، تا کاتێک دەتوانین بەیەکێک بڵێین مرۆڤ کە هەڵەی هەبێت، کەسانێک کە هەڵە ناکەن هەر ئەوانەن کە لەدایک نەبون و ئاشنای ژیانی سەر زەوی نین. ڕەخنە چیە؟ ڕەخنە جۆرێکە لەهەڵسەنگاندن و بەراوردکاری و نرخاندن ئەمەش بەمەبەستی نیشاندانی لایەنێک یان چەند لایەنێکی باش یان خراپی کەسێک یان شتێک. دەکرێت ڕەخنە بکەین بە دوو بەشەوە:

**١ڕەخنەی بەجێ، ٢ ڕەخنەی نابەجێ.**

١-ڕەخنەی بەجێ بریتیە لە ورد بونەوەو بەراورد وجیاکاری لە سیفات و گوفتاری کەسێک بەکەسێکی دیکەو لێکدانی لایەنە باش و خراپەکانی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کە لەو بوارەدە کاری کردوە.


٢-ڕەخنەی نابەجێ بریتیە لە پێدا هەڵگڕان و تەخوینکردنی کەسێک یان لایەنێک و ناوزڕاندنی بەبێ بەڵگەو بنەمای ئەخلاقی و ئەقڵانی. دەتوانین ڕەخنەی نابەجێ لە ڕق و بوغزی شەخسیدا کورت و پوخت بکەینەوە بڵێین بریتیە لە دەربڕینێکی دوژمناکارانە بەرامبەر کەسانێکی دیاری کراو کە مەبەست لێی شکاندنی لایەنی بەرامبەرە بەو پەڕی بێ ویژدانیەوە .دکتۆر عەلی وەردی لە کتێبی واعیزەکانی سوڵتاندا ئەڵێت: وەعز وا لەخەڵک دەکات زۆر توندو تیژبن لە ڕەخنەگرتن لە خەڵکی تر چونکە ئەو پێوەرە ڕەوشتیانەی لە واعیزەکانەوە دەیبیستن زۆر بەرزن. لەبەر ئەوە ناتوانن ئەو پێوەرانە لەسەر خۆیان جێ بەجێ بکەن.

بەناچاری پەنا دەبەنە بەر پراکتیزەکردنی پێوەرەکان بەسەر خەڵکانی تردا، بەو شێوەیە ڕەخنەکانیان زۆر توند دەبێت. ئەوان ناتەواوییەکانی خۆیان نابینین، دەشتوانن لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە وەعزیەکاندا پاسا و بیانو بۆ کارو ڕەفتارەکانی خۆیان بێننەوە. بەڵام خەڵکێ غەیری خۆیان بێت، پاساوی بۆ نیە. هەر لەبەر ئەمەش دەبینین هەندێکیان هەندێکی تریان کافردەکەن و هەندێکی تریان یەکتری دەچەوسێننەوە. ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵگە ئاینیەکاندا زۆر توندوتیژ خۆی دەنوێنێت. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا وەعزو ئامۆژگاری لەوپەڕی توندو تیژیدایە، بەو پێیەش ڕەخنە لە یەکترگرتن و گەڕان بە دووی ناتەواویەکانی خەڵکدا زۆرترە. تێبینی دەکرێت خودی واعیزەکان، دەست ڕەنگینن لە ڕەخنەگرتندا لە غەیری خۆیان. واعیزەکان ژمارەیەکی زۆر پێوەری وردی ڕەوشتیان لەبەر کردووە و شەوو ڕۆژ دەیدەنەوە بەگوێی خەڵکیدا. بە ڕادەیەک ئەو پێوەرانە وەک چەکێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاردێنن کە ڕقیان لێیان دەبێتەوە. هەر گوتارێک یان کردارێک لە کەسێکەوە ببینن کە پێچەوانەی وەعزو ئامۆژگاریەکانیان بێت، دەست بەجێ بە لۆمە ونەفرەت لێکردن دادەبارن بە سەریدا . ئیدی ئەوە بابوەستێت کە لەوانەیە جیهاد لەدژی ڕابگەیەنن!

گرنگە بۆ ئێمە وەک تاک کە ڕەخنە و جوێن و سوکایەتی لێک جوێ بکەینەوە، کاتێک ڕەخنە ئەبێتە سوکایەتی و بریندارکردنی شعوری ئینسان، ئیدی هیچ گۆشەیەک بۆ گفتووگۆ نامێنێتەوە، کاتێک ڕەخنە لە سنوری خۆی دەردەچێت، ڕەخنەگر دەکەوێتە ژێر دەیان پرسیار و گومانەوە. بۆ ئەوەی ڕەخنەی نابەجێ بێ کاریگەرو بێ سود بکەین باشترە لەبری وەڵامدانەوە زیاتر سور بین لەسەر کارەکانمان. دەبێت بە سور بون لەسەر کارەکانمان ئەوە بسەلمێنین کە گرنگی بە قسەی کەسانی مایەپوچ و قسە نابەجێیەکانیان نادەین لەو بارەشدا قسەکەر بێزار دەبێت لە وەلانان و ئیهمالکردنی بۆیە بەناچاری یان واز لەڕەخنەی نابەجێ دێنێت، یانیش توشی نەخۆشی دەرونی ئەبێت و ژیانی دونیای دەکات بەدۆزەخ. باشترین کارێکیش ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ وتە بەناوبانگەکەی بەڕێز شواب کە ڕو لەو کەسانە دەکات ڕووبەڕوی ڕەخنەی نابەجێ دەبنەوە و پێیان دەڵێت: تەنیا پێ بکەنە !دەکرێت کەسانی پلە باڵا لەهەر بوارێکدا بێت هونەری بێت، یان سیاسی بێت، یانیش کۆمەڵایەتی و هتد. .ئامۆژگاریە بەناو بانگەکەی ئەبراهام لینکۆڵن بکەن بە بنەما بۆ خۆیان. کاتێک لینکۆڵنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەهۆی ململانێی ناوخۆییەوە ڕوبەڕوی تانەو تەشەرێکی زۆر بوەوە و ڕەخنە نابەجێ و توندو تیژەکانیش لەگەڵ ڕەخنە بەجێیەکاندا تێکەڵ بوبون، یاسایەکی بۆ خۆی دانا کە دواتر بو بەدروشمێکی جیهانی و کەسانی سیاسی زۆرتر و زیاتر بەکاریان دەهێنا، بەجۆرێک (وینستۆن چەرچڵ)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەسەر لەوحەیەک لەنوسینگەکەیدا هەڵی واسی بو، کە تیایدا نوسراوە (ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششم بەکار دەهێنم، جا ئەگەر ئەنجامەکەی باش کەوتەوە، ئیدی گوێ نادەم بەوەی لەدژم دەگوترێت. ئەگەر ئەنجامەکانیش هەڵەبوون، ئەوا ئەگەر فریشتەکانیش سوێند بخۆن کە کارێکی ڕاستم کردبوو، هەر هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت).

# گەورەیی پیرەمێرد (١٨٦٧–١٩٥٠) و شارستانێتی ئەدەب...

عومەر مەعرووف بەرزنجی



کام سەردەمی مێژوویی بگرین و بە دوو چاوی سەرنج تێی بڕوانین، دەبینین وەک کارێکی سروشتی دەستەیەک خوێندەوار و شاعیر و نووسەر و نموونەی باڵای بەخۆوە گرتووە و سەرجەم شەقڵ و تام و بۆی ئەوکاتەیان پێوەلکاوە. دیارە پەیوەندی و دۆستایەتی و هەڵچوون و لێکدابڕان و تەنانەت دژایەتی و لەیەکتر خوێندن سروشتێکی ئاسایی مرۆڤە، لە ڕۆژگارێکی جەنجاڵی تایبەتیشدا بەشێکی دانەبڕاوی ژیانێتی و لێی نابێتەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا (١٩٠٠-١٩٥٠) خوالێخۆشبوو (حاجی تۆفیقی ناسراو بە پیرەمێرد ١٨٦٧-١٩٥٠) وەک شارەزاو گەورە پیاوێکی دڵسۆز لە بواری شیعر و چیرۆک و پەخشان و وەرگێڕان و پەندی پێشینان و سەربوردی دێرین و دانان و چاپکردنی کتێب و کاری ڕۆژنامە نووسی و خولیاو سەوداسەری نەورۆزی کورد، گەیشتبووە ئاستێکی باڵاو شێوەی فەیلەسوفێکی دەنواند. خزمەت و ڕەنجی فەرهادانەی پیرەمێرد لەپێناوی نەتەوەکەیدا لەوە ترازاوە کە بتوانرێ تۆسقاڵێک لە کێوی سەلیقەو توانست و گەورەیی بڕوشێنرێ.

زۆرجار پەیوەندی ئەم خزمەتگوزارە باڵایە لەگەڵ خوێندەوارە ناسراوەکانی ئەوسەردەمەدا بۆ ماوەیەکی کەم ڕووی لە نشێوی کردووە و داخزاوە، بەڵام گەورەیی و سەربڵندی لەوەدابووە کە ئەم زیزبوونەی نەخستووەتە پێش بەرژەوەندی گشتی و مەسەلە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ژیانی نەتەوەکەی ، کە ئەمەیش نیشانەی بەرچاو ڕوونی و تێگەیشتنە لە بنەماکانی شارستانێتی ئەدەب.

نووسەر و ڕوناکبیری دیار خوالێخۆشبوو مامۆستا (عەبدوڵڵا جەوهەر ١٩٢٠ - ١ / ٦ / ١٩٨٢) چەندجارێک و لە بۆنەی تایبەتیدا ناکۆکی نێوان پیرەمێرد و برایم ئەحمەدی بۆ باسکردوم، تەنانەت مامۆستا برایم لەو چاوپێکەوتنە پێنج سەعاتییەدا کە دکتۆر حسێن محەمەد عەزیز لەگەڵیدا سازی کردووە، ئەم مەسەلەیەی وەک نموونەیەکی ژیان و هەڵوێستی وروژاندووە، لەوەیش دواوە کە سکاڵای هەردوکیان گەیشتووەتە مامۆستای زانا خوالێخۆشبوو (شێخ محەمەدی خاڵ ١٩٠٤ - ١٥ / ٧ / ١٩٨٩ ). بەڵام ئەگەر ئاوڕێک بدەینەوە و چاوێک بە ڕۆژنامەی ( ژیان )ی ژ ٥٣٨ ی ڕۆژی ١٠ ی ئابی ١٩٣٧ دا بگێڕین ، دەبینین کە پیرەمێردی نەمر وەک خەمخۆر و هاندەرێکی تازەپێگەیشتووان، بەبۆنەی تەواوکردنی خوێندنی مامۆستا برایم ئەحمەدەوە ئەم مژدانەیەی بڵاو بڵاوکردووەتەوە:

( لە خوێندەوارە هەڵبژێراوەگانمان برایم ئەحمەد کۆلیجی حقوقی تەواوکردووە و سەودای وەزیفەی نەکەوتووەتە کەللەوە ، هاتووە ئەوقاتی دەکا ، ئەم کورە ئیمە دەیناسین لە هەرچی زبان هەیە شێوەیەکی پەسەندی بۆخۆی داناوە، خەلەفی خەلەف شەوقییە بە، زەوقێکی عیلمی جەزبەیەکی شاعیری هەیە ، ئەتوانێ دەعوا لە پەردەیەکی جواندا تەسویر بکاو بییاتە زیهنی گوێگرانەوو، خوا وێنەیان زیاد بکات ). لە کاتێکیشدا گۆڤاری ناوازەی ( گەلاوێژ ١٩٣٩ -١٩٤٩ ) بەبۆنەی بەندکردنی مامۆستا برایم ئەحمەدەوە لە مانگی ئابی ١٩٤٩ دا لە دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ڕادەگیرێ، پیرەمێرد ئۆقرەی لێدەبڕێ و بە هەموو لایەکدا چەپۆکان دەکات، نامەیەکی بەپەلەی خەماویش بۆ مامۆستا (سەجادی ١٩٠٧ - ١٣ / ١٢ / ١٩٤٨) دەنێرێ و لە ڕۆژنامەی ( ژین ) دا بۆی دەلاوێنێتەوە و کۆری شیوەنی بۆ گەرم دەکات:

داد لەدەست جەورت هەی چەرخی سەر چەوت
وا گەلاوێژ کەوت، گەلاوێژ بۆچ کەوت!
ئاسۆی ئەدەبی کوردی پڕ تەمە
سڤیدەی بەیان شینە، ماتەمە
ژین بۆ گەلاوێژ بوبو بە پەرژین
ئێستا لەدوای ئەو بێزارە لە ژین
(ئیبراهیم) لەناو (نار) سووتاوە
(سەجادە) ی تەقوا بێڕایەڵ ماوە

هیوامان وایە کە چەرخ وەرگەڕێ
سەجادەم بەسەر شەتدا بگەڕێ
پیاوێکمان بمرێ تەعزێی بۆ دەگرین
بۆ چ بۆ گەلاوێژ، نەگرین تا دەمرین
گەلاوێژ هەرچەند جارجارە هەڵدێ
لە بورجی خۆیدا دوایی هەر هەڵدێ



# عەلی کەمال، ئەسێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی سلێمانی

**ئامادەکردنی: هەڵکەوت غەریب**



زۆرن ناوی ئەو کەسە دیارانەی رۆژانە بەرگوێی خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بەتایبەتی دەکەون، کە هەریەکەیان خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازی خۆیان هەیە، یەکێک لەو کەسە دیارانەی سلێمانی، عەلی کەماڵە، کە ناوێکی ئاشنایە بە خەڵکی شار، کاتێک لە هەرجێگایەک ناوی عەلی کەمال دێت راستەخۆ بیرمان بەرەو کارە خێرخوازییەکانی دەچێت، چونکە خزمەتێکی زۆری بە خەڵکی هەژار و نەدار کردووە. هەروەها گرنگی تایبەتی بە ئاوادانی کوردستان و یارمەتیدانی ئەو کۆمەڵ و رێکخراوەنە داوە، کە سودیان بە تاکی کورد گەیاندووە، بەڵام جیاواز لە کاری خێرخوازی عەلی کەمال بارزگانێکی لێهاتو، سیاسیەکی لێوەشاوە بووە لەگەڵ ئەوەشدا لە بوارەکانی تری وەک رۆشنبیری و کارگێری و سەربازی خزمەتی بەرچاوی کردووە.

● **ژیاننامە:** ناوی تەواوی عەلی کوڕی عەبدولرەحمان کوڕی حاجی قادر کوڕی وەهاب کوڕی قاسم ئاغایە، بە عەلی کەمال ناسراوە، کەمال نازناوی بووە لە رۆژی ٢ی ١٠ی ١٩٠٠ لە گەڕەکی "دەرگەزێن"ی شاری سلێمانی لەدایک بووە، سەرەتا لە حوجرە و لەسەر دەستی"خواجەفە ندی" و "حاجی مەلا سەعید" فێری خوێندەواری بووە، پاشان خوێندنی سەربازی لە روشدییەی عەسکەری سلێمانی خوێندووە. دواتر لە ساڵی ١٩١٤ لە ئەعدادیەی سەربازی بەغداد وەرگیراوە، لە کۆتای ساڵی ١٩١٦ دا بە پلەی یەکەم تەواوی کردووە، پاشان مەکتەبی حەربییەی ئەستەمولی لە ساڵی ١٩١٨ تەواو کردووە، بە پلەی مولازمی دوەم لە سوپای عوسمانی خزمەتی کردووە. لەسەرەتادا وەک مامۆستا لە قوتابخانەی ئەفسەرە بچوکەکانی دەوری ئەستەموڵ ئەرکی پێدراوە. لە ساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ کچی "محمود السنوي" قایمقامی سەماوە ژیانی هاوسەری پێک هێناوە.

● **کایەی سیاسی:** لەگەڵ ئەوەی عەلی کەمال لە سوپای عوسمانی‌دا بووە، بەڵام لەڕاستی‌دا بیروباوەڕێکی نەتەوەیی و کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری هەبووە، هەر بەو هۆیەوە زیاتر لە جارێک زیندانی کراوە و دورخراوەتەوە بۆ چەندین شوێنی جیاواز. لە سۆنگەی هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمانەکەی نێوەندگیری لە نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان کردوە، بەڵام ئینگلیزەکان بە لایەنگری شێخ مەحمود تۆمەتباریان کردووە و دوریان خستۆتەوە بۆ کەرکوک، دواتر بۆ دیوانییە. هەروەها یەکێک بووە لەو کەسانەی هەوڵی یەکخستنەوەی باڵی مەکتەب سیاسی و مەلا مستەفای داوە. جگە لەو هەوڵانەی لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمانەکەی داویەتی. عەلی کەمال چەندین خولی جیاواز بووە بە نائیبی لیوای سلێمانی لە مەجلسی نیاب. سەرەتا لە ١٩٣٥ بۆ خولی شەشەم خۆی پاڵاوتووە و بووە بە نائیبی سلێمانی. جارێکی تر لە ١٩٤٧ کاندید بووە، بەڵام لەبەر هەڕەشەی حکومەت و بەرگرتن لە خوێن ڕشتن کشاوەتەوە، هەروەها بووە بە ئەندامی حزبی "الاتحاد الدستوري"ی نوری سەعید، دواتر لە نێوان ١٩٤٨- ١٩٥٨ لە خولەکانی "دوانزە و سیانزە و چواردە و پانزە و شانزە" وەک نائیبی لیوای سلێمانی لە مەجلسی نیاب بەرگری لە مافی



هاوڵاتیانی کورد کردووە. دەوری سەرەکی هەبووە لەرێگری کردن لە هەڵوەشاندنەوەی یاسای زمانە ناوچەییەکان. هەروەها رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە زیادکردنی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

● **ئەرکی سەربازی و کارگێڕی:**

أ. **سەربازی:** دوای دەست بەکاربونی وەک ئەفسەر لە سوپای عوسمانی بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە سەربازییەکانی، چەندین شوێنی جیاواز و جێگۆڕکێی پێکراوە، سەرەتا نێردراوە بۆ ئیزمیر، کە سوپای یۆنان لە ساڵی ١٩١٩ ئەو شارە داگیری کردبوو، پاشان بەشداری لە شەڕی رزگاری و بەرگریکردن لە ئەنادۆڵ کردووە. لە ١٩٢٠ گواستراوەتەوە بۆ فیرقەی ٢ لە لیوای ٦، کە لە دیاربەکر بووە. لە کۆتایی **بۆ ل١٢و ١٣**

هەمان ساڵدا فیرقەکەیان چۆتە بەرەی شەڕی ئورفە لە دژی فەرەنسییەکان، پاشان فیرقەکەیان براوەتە ماردین. بۆیە بەهەلی زانیوە و توانیویەتی لە ساڵی ١٩٢٢. لەڕێگای شەنگالەوە ڕابکات و بێتەوە بۆ عێراق و پەیوەندی بە وەزارەتی دیفاعەوە کردووە.

**ب. کارگێڕی:** دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لە هەندێک لە شارەکانی عێراق و کوردستان وەک فەرمانبەر میری خزمەتی کردووە. لەساڵی ١٩٢٢ کراوە بەیاریدەدەری بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر، دواتر کراوەتە بەڕێوبەری پۆلیسی کۆیە. لە پاش بەرزکردنەوەی پلەی بۆ یەکەم لە مەعاونیەتی پۆلیس لەساڵی ١٩٢٦ براوە بۆ لیوای دیالە، پاش دوو مانگ چۆتە خانەقین، ساڵی ١٩٢٨ بۆ لیوای کوت، دوای ٩ مانگ بۆ قەزار "الحی" گواستراوەتەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٢٩ چۆتە مەعاونیەتی پۆلیسی کەرخ لە بەغداد. ساڵی ١٩٣١ بۆتە بەڕێوبەر پۆلیسی دیالە، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا چۆتە لیوای کەرکوک، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٢ بۆتە بەڕێوبەری پۆلیسی لیوای بەغداد، پاشان حلە. ماوەیەک بەڕێوبەری پۆلیسی بیابان "البادیة" بووە، هەروەها ماوەیەک وەک قایمقامی قەزای "سوق الشیوخ" ئەرکی هەبووە.



**●لایەنی ڕۆشنبیری:** سەرباری ئەو ئەرک و خزمەتانەی کردویەتی عەلی کەمال کەسێکی ڕۆشنفکر بووە، لایەنی ڕۆشنبیری و کلتوری لەبیر نەکردووە، جێ دەستی لەو بوارەشدا دیارە. دوای ئەوەی گۆڤاری گەلاوێژ توشی تەنگەژەی دارایی ئەبێت، عەلی کەمال پاڵپشتی دارایی گۆڤارەکە بە ئەرکی خۆی دەزانێت و نزیکەی ٧ ساڵ یارمەتی دارایی گۆڤارەکە ئەدات، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی خەڵکی کوردستان بێبەش نەبن لە زانیاری و بابەتەکانی گۆڤارەکە و هاوکاری سەرەکی بەردەوام بونی گۆڤارەکە ئەبێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٨١ بە مەبەستی دروستکردنی هۆڵێکی شانۆیی سەردەمیانەی بەناوی "شانۆیی عەلی کەمال" نوسراوێک بۆ پارێزگاری ئەوکاتی سلێمانی بەرزئەکاتەوە. تێیدا ڕونی ئەکاتەوە، کە دەیەوێت هۆڵێکی شانۆیی لە سلێمانی دروست بکات و سەرجەمی تێچوەکەی بگرێتە ئەستۆ. هەر بۆ هەمان مەبەست لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی "ئیسماعیل حداد" لەهەمان کاتدا نوێنەری عەلی کەمال بووە بە ئەندامێتی نوێنەرانی هەریەک لە سەندیکای هونەرمەندان، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان، تیپی نواندنی سلێمانی، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی مۆسیقای مەولەوی دروست دەکرێت و ناوی لێنراوە "لیژنەی سەرپەرشتی بنیاتنانی شانۆیی عەلی کەمال لە شاری سلێمانی" بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری فەرمانگەکانی میری و دابینکردنی پێداویستییەکانی، بەڵام حکومەت لەو سەردەمەدا لەبەر ئەوەی دژی سلێمانی و دژی باری ڕۆشنبیری و بەرەوپێش چوونی بوارەکانی ئەدەبی کورد بوو ڕێگریکردووە لە دروستکردنی ئەو هۆڵی شانۆییە. جگە لەوەش عەلی کەمال لەڕۆژنامە عەرەبییەکانی لوبنان وتاری بۆ پاڵپشتی لە شۆڕشی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، هەروەها دوو کتێبی چاپکراویشی هەیە ئەوانیش بریتین لە : آ.نقد و تحلیل كتاب "الحركة القومية الكردية" لادمون غريب كە ١٦ لاپەڕەیە و شوێن و ساڵی چاپکردنی نادیارە. ب.مذكرات كمال عبدالرحمن، کە جەمال بابان ئامادەی کردوە و پێشەکی بۆ نوسیوە لە "مطبعة شركة الخنساء" لە بەغداد ساڵی ٢٠٠١ چاپکراوە.

**●کاری خێرخوازی و کۆمەڵایەتی:** خزمەت و کارە خێرخوازییەکانی وایکردووە هەمیشە وەک کەسێکی خێرخواز لە خەیاڵدانی خەڵکی شاری سلێمانی دا دەربکەوێت چونکە عەلی کەمال دەوڵەمەندێکی بەخشندە و ساماندارێکی دەست کراوە بووە هەرچیەکی لەدەست هاتبێت بۆ کۆمەکی خەڵک و ئاوادانکردنەوەی شار دریغی نەکردووە. گەلێک کاری مەزنی کردووە هەر لە ناردنی خوێندکارانی ئاینی بۆ زانکۆ ئەزهەر بۆ خوێندن و برینەوەی موچە بۆ ئەو خوێندکارانەی لە بەغدایان شارەکانی تری ناوەڕاست و خواروی عێراق خوێندویانە هەروەها موچەی بۆ کەسانی نەدار و هەتیوان بڕیوەتەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٢کاتێک فەقیرخانەیەک لەسلێمانی کراوەتەوە بەشداری تێدا کردووە و لە بەغدا و هاوکاری بۆ ناردون دواتر لە ساڵی ١٩٤٦ دا بومەلەرزەیەکی بەهێز لە پێنجوێن دەدات عەلی کەمال لە بەغداوە هاوکاری بۆ ناردون. لە لافاوەکەی ١٩٥٧ دا بڕی هەزار دیناری بۆ زیان لێکەوتوانی لافاوەکە خەرج کردووە. بایەخی بە ئاوەدانی شار داوە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا زەوییەکی تەرخان کردووە بۆ مزگەوت لە سلێمانی، هەر لەسەر ئەرکی خۆی دروستی کردووە و بەناوی خۆشیەوە ناونراوە مزگەوتی "عەلی کەمال" جگە لەوە هەم پارچەیەک زەوی هەم بڕی تێچوو بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەک دەخاتە سەر شانی خۆی دواتر ئەویش کراوە بە ناوی عەلی کەمالەوە نەخۆشخانەی "عەلی کەمال". هەروەها چەندین خانوی بۆ نەداران دروستکردووە و بێ بەرامبەر تێیدا نیشتەجێ بوون. سەرەڕای ئەوانە عەلی کەمال یارمەتی مادی ئەو یانە و ڕێکخراوانەی داوە لە هەر شوێنێک بوبن کە بۆ خەڵکی کوردستان سودبەخش بوون. لەوانە یانەی سەلاحەدین لە بەغدا کەیانەیەکی کوردەکان بووە لە بەغدا ئەو یانەیە داوای پیتاکیان لێکردووە بۆ بینای یانەکەیان ئەوکات عەلی کەمال لە لەندەن ژیاوە لەڕێگەی

ناردنی نامەیەکەوە لە بەرواری ٢٢ی ١١ی ١٩٨٣ بۆ بەڕێوبەر و ئەندامانی یانەکە ئامادەیی خۆینیشانداوە بۆ هاوکاری کردنیان لە نامەکەدا وتویەتی: **" نامە خۆشەویستەکەتان گەیشت، ئێوە ئەیزانن کە من لەو کەسانە نیم پەشیمان ببمەوە و وازلە قسە و کردەوەکانم بهێنم ئەمرۆ(سەباح)ی کوڕمم ئاگادار کردەوە کە مەبلەغی ١٥ هەزار دینارتان بداتێ، تا ئەگەڕێمەوە "** وادیارە ئەو بڕە بەشی یەکەمی یارمەتییەکەی بووە دواتر هاوکاری زیاتری کردون، کارە خێرخوازییەکانی زۆر لەوانە زیاترە کە باسکراون، بەڵام عەلی کەمال هیچ ویستی ئەوەی نەبووە کە باسیان بکات بەڵکو بەجێ گەیاندنی ئەو کارانەی بە ئەرکێکی دینی و نەتەوەی زانیوە.

- **وەسفی شێخ نوری شێخ سالّح و زێوەر بۆ عەلی کەمال**

**أ. شێخ نوری شێخ سالّح:** ئاشنابونی شێخ نوری و عەلی کەمال دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی عەلی کەمال لە حوجرە خوێندویەتی، وەک عەلی کەمال خۆی ئاماژەی پێکردوە شێخ نوری لای "حاجی مەلا سەعید" ناسیوە، لە پای ئەو خزمەت و دەست گیرۆییەی عەلی کەمال بۆ هەژاران و نەداران شێخ نوری لە ساڵی ١٩٤٣ شیعرێکی بۆ عەلی کەمال نوسیوە، شێخ نوری خۆی وتویەتی.: **" موقابل بەم ئینسانی یەتە ئەم سێ چوار بەیتەم بۆ نووسی " نامەکەت گەییە دەس فەخری هەموو ئەهلی وڵات**

**بوو بە شانامەیی هەر مەجلیس و بەزم و حەفلات**

**وا ئەبێ هیمەتی مەردانە و شێوەی حەتەمی**

**دەک ئیلاهی نەڕزێ قەت لە گڵا دەستی سەخات**

**رێک بەقەد سەرتە، کڵاوی کەرەم وئەفسەری جوود**

**خشت بەقەد قامەت و باڵاتە، کەوایی حەسەنات**

**بەحری پەخشایشی ئێوە نیە رۆژێ کە نەکا**

**کەرەمی حاتەمی تایی، بەسواریی وەهەمات**

**روتبە و مەنصەبە، خوا لایقی شانی دیوی**

**بە فەقیران حەسەنات و بە غەریبان خەدەمات**

**ئەمە بۆ تۆ بەسە، بۆ بەرزی خولقت بەدەوام**

**وردی رۆژ و شەوی ئەم عالەمەیە وەصف وسەنات**

**رەبی مەحروومی نەکا خوا بە دەوامی ژینت**

**کۆمەڵی بێ دەسەڵاتانی وڵاتت لە بەرات**

**ب. زێوەر:** زێوەری شاعیر لە کتێبی "گەنجینەی مەردان" دا سەرباری باسکردنی ڕێچەڵەک و رونکرنەوەی کارو چالاکییەکانی عەلی کەمال لە بوارەکانی سیاسەت و رۆشنبیری و هاوکارییە خێرخوازییەکانی بۆ خەڵکی کەمدەرامەت. وێناکردنی عەلی کەمال وەک کەسێکی مەردو وەتەن پەروەر شیعرێکی بۆ هۆنیوەتەوە و لە کۆتای باسەکەیدا پێی وایە هەرچەندە لەسەر عەلی کەمال بدوێت ناتوانێت حەقی تەواوی خۆی پێبدات، وتویەتی.: **موفرەداتی جوودو کەرەمی بە نووسین تەواو نابێ. بەم چەند شیعرە ئەوسافی بەیان ئەکەم " مەداری فەخری هەموو کوردو میللەتی مەدەنی**

**عەلی کەمال بەگە ئیسباتی کردووە عەلەنی**

**حەلاوەتی قسەوو گفت و لوتفی شیرینی**

**شکستی داوە بە هەنگوین و کاڵەکی مەرەنی**

**چ فەرقی لا نییە وەقتی کەرەم عەلی یو عومەر**

**موساوی یە لە نەزەریا حوسەینی یو حەسەنی**

**بە هێزی هیممەتی بۆ هاووڵاتی کۆشش ئەکا**

**ئەمە بەڕاستی خدمەت بکا لە بۆ وەتەنی**

**شەفیعی جاە و مەقاماتی غەوسەکەی بەغدا**

**ڕجایی عومری درێژیشی وەیسەکەی قەرەنی**

عەلی کەمال لە ساڵەکانی کۆتای تەمەنیدا ڕودەکاتە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، بەڵام غەریبی و دوری لە کوردستان هیچ لە دڵسۆزی و خزمەتەکانی کەم ناکات بەڵکو بێدابڕان هاوکاری کەسانی بێدەرتانی کردووە و بەرداوامی دوا بەکارە خێرخوازییەکانی. دوای نزیکەی سەدەیەک تەمەنی بێ وچان و پڕ بەرهەم لە شەوی ٣١ی ٧ی ١٩٩٨ لە شاری لەندەن کۆچی دوای کرد، لەسەر وەسێتی خۆی تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە مزگەوتەکەی خۆی (عەلی کەمال) بەخاک سپێردراوە.

**●سەرچاوە:** ١. شێخ نوری شێخ سالّح: دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، کۆکردنەوە، ئازاد عەبدولواحید، بەرگی١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢. مەلا عەبدوڵڵای زێوەر: گەنجینەی مەردان و یاداشتی رۆژانی دەربەدەری، ئامادەکردن، محەمەدی مەلا کەریم، چ١، چاپخانە، شركة مطبعة الاديب البغدادية، بەغدا، ١٩٨٥.

٣. بوار نورەدین: بیبلیۆگرافیای بڵاوکراوە و بەڵگەنامەی هونەری شانۆی سلێمانی_چالاکی تیپەکانی شانۆ ١٩٤٩_٢٠١٧، ب١، بڵاونەکراوە.

٤. گۆڤاری گەلاوێژ ــ ژیاننامەو پێڕست، ئامادەکردن، سدیق سالّح، رەفیق سالّح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، بەرگی١١، بەشی١، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

٥. گۆڤاری سلێمانی: ژ ٢٣، ئەو نامانەی تا ئێستا گوڵاویان لێ ئەچۆڕێ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٢.


٦. خەلیل عەبدوڵڵا: عەلی کەمال بەگ، ڕۆژی بڵاوکردنەوە ی ٣١ی ٧ی ٢٠١٨، https://www.khaktv.net، رۆژی سەردان ٨ی ٢ی ٢٠٢٠.

# ئەمین قادر مینە، ئەو پێشمەرگەیەی خەبات و تێکۆشانەکەی بە جوانی هێشتەوە

**سەرکەوتی جیهاز:** "تێکۆشەر و ماندونەناسێکی ڕێی خەباتی کوردایەتی، کە تائێستا بە هەموو جوانیەکانییەوە ماوە و جێگەی خۆشحاڵی و شانازییە، ئەو کە بە ڕێگاکانی شۆڕشدا هات، دوای خۆی نەیهێشت هیچ ناوێکی خۆی جێ بمێنێ، ئەو ئەمین بو وەک ئەوەی سوارچاکی شۆڕش بو، بەڵام ئەسپی شۆڕشی تاپۆ نەکرد لەسەر خۆی، یان کەسێکی نزیکی، ئەو بە قوڵی لە مانای شۆڕش گەیشت. ئەوانی تر بە ڕوکەش، ئەو ئەمین بو بەو مانایەی پاشخانی ڕۆشنبیری پڕ بو لە دنیابینی جوان، هەر بۆیە لای ئەو شۆڕش پردێک نەبو بۆ گەشتن بە ناوی خۆی، یان دەسکەوتی مادی، بەڵکو لای کاک ئەمین شۆڕش پردێک بو بە گەشتن بە ئامانج و بەپرسیارێتی مێژویی، بەڵێ هەر واش بو کارەکتەرێک دوای تەواو بونی شۆڕش لە قۆناغێکدا گۆڕەپان چۆڵ دەکات تا قۆناغی شارەکان کارەکتەری دی و پێشمەرگەی ئیداری دروست بکات. بەڵێ کاک ئەمین ئاوا بو".

**ئەمین قادر مینە**

ساڵی ١٩٥٦ لە قەڵادزێ لە دایک بوە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە قەڵادزێ تەواو کردوە. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردوە و کارگێری لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٥ لە کۆلێجی زانیاری زانکۆی سلێمانی وەرگیرا. ساڵی ١٩٧٩ بە یەکەمی کۆلێجی زانیاری بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ماتماتیک وەردەگرێ. ساڵی ١٩٨٠ بۆ خوێندنی ماجستێر لە ماتماتیک لە زانکۆی سلێمانی وەرگیرا، بەڵام بەهۆی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٨٢ نەیتوانی بڕوانامەکەی وەربگرێ. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردوە و لە ساڵی ١٩٨٢دا پەیوەندی بە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردوە. لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٨٢ی قەڵادزێ دەوری دیاری هەبوە، هەر ئەو کاتە وتارێکی درێژی لەسەر ڕاپەرینەکە لە گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ تا کۆتایی ١٩٨٥ لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوە. مامۆستای دەورەپێگەیاندنی کادرانی کۆمەڵە بووە لە ١٩٨٤-١٩٨٦,١٩٨٥وە تا ١٩٨٨ ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە و لە ١٩٨٨ تا ١٩٩٠ ئەندامی دەزگای ناوەندی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوە. بە ناوی زەریا و چیاوە هەندێ وتاری لە خولی دوەم و سێیەمی گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ١٩٨٧ لەژێر ناونیشانی "ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس" کتێبێکی



بڵاوکردۆتەوە. لە دوای ئەنفالەکان لەسەر داوای کاک نەوشیراون بە نهێنی چۆتەوە ناوشار بۆ ڕێکخستنەوەی خەتە لێکترازاو و پچڕاوەکانی کۆمەڵە و بەشێکی ڕێکخستنەکانی یەکێتی. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ەوە لە لەندەن دەژی. ساڵی ١٩٩٣ بڕوانامەی ماجستێری لە Information Systems Engineering هندسة نظم المعلومات لە کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی South Bank ی لەندەن وەرگرت و لە ساڵی ١٩٩٤ بڕوانامەیەکی تری ماجستێری لە ئیمپریال کۆلێجی زانکوی لەندەن لە ماتماتیک وەرگرت. لە نیسانی ١٩٩٦ تا نیسانی ١٩٩٨ سەرۆکی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد بوو لە لەندەن. ئیستا لە بواری Software Engineering کاردەکات و ناوناوەش بە نووسینەوە خەریکە.

## بیرەوەری: ٣٢ ساڵ تێپەڕبون بەسەر ڕۆژانی کارەساتی ئەنفال و ڕوداوەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمەدا.



**سامان عوسمان**

**بەشی دوەم: پێشکەشە بە خوێنەری بەڕێز و ئەو هاورێیانەی خۆیان لەم بیرەوەریەدا ئەبیننەوە.**

لێرەوە لەگەڵ هێزەکەی مەڵبەندی ٣ جیابوینەوە و بە چیای هەورێ دا سەرکەوتین بە دیوی گوندی سکتاندا چووینە خوارەوە. لەم گوندەدا کە نیوەی ماڵەکانی لەبەر دوژمنایەتی ناوخۆیان کاول و چۆڵ کرابون بە تەواوی پشووماندا، هەموشمان پێشمەرگەی تیپی ٥٧ بوین و شارەزای ناوچەکە بوین، جارێکی تر لە سەرماوسۆڵە دوورکەوتبوینەوە و وەرزیش پێی نابووە بەهارەوە. ناوچە شاخاوییە سەختەکانمان بڕی بوو، هەموو خۆمان کردبووەوە، لەم گوندەدا ماندوییمان حەسایەوە، ئەم گوندە هاوسۆز و بەخزمەت بون. ئێمە زۆر و برسی، گوندەکەش بێ دەرامەت، چەند پێشمەرگەیەک ئەبوین بەلای سەر تەنورێکا ڕۆشتین، ژنێکی بە تەمەن خەریکی نان کردن بو، سەلاممان لێ کرد و بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بین، لای دانیشتین، ژنە هیچ قسەی نەدەکرد، برادەرێکمان قسەی خۆشی بۆ دەکردین و جارجار نانێکی بۆ رادەکێشاین، تا گەیشتە ئەوەی ژنەکە تیرۆکێکی کێشا بە دەستیدا و قسەیەکی پێ وتین، لەراستی دا هەقی بوو، ئێمە هەستمان بەو ناهەقیە دەکرد. ئەو ژنەش لەسەر و هەموو ماندوبون و نەمانی نانەکەیەوە بەدەمیدا نەهات دەرمان بکات، چونکە دەیزانی هەر خۆی خاوەنمانە و ئێمەش پشتی ئەوین (ڕۆژگارێکی لەبیر نەکراوە بۆ دڵسۆزی دێ نیشینەکان) ئەو ڕۆژ و شەوە ماینەوە، ڕۆژی دوایی دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ خۆمان کۆکردەوە بۆ بڕینی ڕێگای دورمان بەرەو زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان. لەوێشەوە بۆ ناووچەکانی کۆیە و کەرکوک ، تاریکی داهات بو گەیشتینە نزیک جادەی قیر بەرەو چنارۆک، لە جادە پەرینەوە و بەرەو زنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان بەڕێکەوتین. لە دامێنی چیاکەدا هەموومان دانیشتین بۆ ئەوەی پشوویەک بدەین و ئینجا سەربکەوین، ئەو ڕێگایەش ئاشکرابوو لای دووژمن، وە جێگایەکی زۆر مەترسیدار بو بۆ پێشمەرگە، ڕێگایەکی سەخت و ڕێگایەکی تەسک بو. زۆرجاریش جاشەکانی قاسمە کوێری کۆیە بۆسەیان بۆ پێشمەرگە لێ دائەنا، بۆیە هەمیشە ئەو ڕیگایە جێی گومان بو، پاش پشوودان بە چیاکەدا هەڵگەڕاین، تەواو نزیک بوبوینەوە لەسەر کەل، هیچ دەنگ نەبو ، ئیتر زۆر دڵنیابوین لە ڕێگەکە بە قەڵەباڵغی دەرۆشتین، چەند پێشمەرگەیەک لە پێشەوە بون، لەوانە: کاک هیوا بارۆیی و کاک سالاری ڕابەر سیاسی، چەند مەتریکیان مابوو بگەنە سەر کەل، ڕومانەیەکیان بۆ هەڵدان و دەستڕێژی تەقە دەستی پێکرد، زانیمان کەوتوینەتە بۆسەی دوژمنەوە، ڕێگا هی ئەوە نەبوو بگەڕێینەوە، دەبوایە بە هەر نرخێ بێ ڕێگە بشکێنین، بە چەند پێشمەرگەیەک هێرشمان کردە سەر سەنگەرەکانیان. جاشەکان هاڵهاتن و جێگاکانیان بەجێهێشت، هەموان سەلامەت بوین، تەنها سالاری ڕابەر سیاسی بە ڕومانەکە، بە سوکی بریندار بو. چوینە خوارەوە بەرەو دەشتی کۆیە. ئەو شەوە لە گوندی حاجی قەڵا ماینەوە، پاشان بەرەو گوندەکانی قوزلو، کانی بی، لە زێیەکە پەرینەوە بۆ گۆپتەپە. ئەم ناوچەیە سنوری تیپی ٢١ی کەرکوک بو، لەوێشەوە بۆ تیژە و تلیان. بۆ



ڕۆژی دواتر بە بەردەوامی خەریکی ڕێگا بڕین بوین تا دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە گوندی کوچکە نەخشینەی نزیک جادەی تەکیەی بەردربەند. تاریک داهاتبوو لەم گوندەوە بە بەینی تەکییەی بەردەربەند و چەمچەماڵ دا بەرەو گوندی چاڵگە کەوتینەڕێ، کە دەکەوتە ئەوبەر جادە و دەکەوتە سنوری. **بۆ ل** ١٦


کەرتی ٣ی هەمەوەند لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، ئەم گوندە نزیک جادە بوو چەند کاتژمێرێ ماینەوە و بۆ پشووی یەکجاری چووینە گوندی خاڵدانی هەمەوەند و ڕێگا بڕین کۆتایی هات. لەو ڕۆژەوەی لە ناووچەکانی دۆڵی جافایەتیەوە هێزەکانمان پاشەکشەیان کرد بەرەو سنورەکانی ئێران تا گەیشتینەوە گوندی خاڵدانی ناووچەی هەمەوەند ١٨ ڕۆژی خایاند. بە گەیشتنەوەمان بۆ سنورەکانی خۆمان، شادومانی بە سیمای پێشمەرگەوە دیار بوو، چونکە بەشێکی زۆری پێشمەرگەی ئەو ناوچانە خەڵکی ناوچەکە بوون و چاوەڕێی ئەوە بوون پشوو وەربگرن و بچنەوە ناو کەسوکاریان، هەرچەند بارودۆخی ناوچەکە نا ئارام و مەترسیدار بوو هەندێ لە پێشمەرگەکانی دانیشتووی ناوچەکەمان ئێزن دا بۆ ماوەی هەفتەیەک بۆ ئەوەی دوای ئەوانیش بەشێکی تر مۆڵەت وەربگرن، بەڵام فریای ئەوە نەکەوتین هیچ پشوویەک بدەین لە مەڵبەندەوە ئاگادار کراین هێزەکەمان کۆبکەینەوە و بەرەو گوندی هەناران بکەوینەڕێ. کاک قادری حاجی عەلی بەرپرسی مەڵبەند بو. دوو-سێ ڕۆژێک بو چەند پێشمەرگەیەکمان مۆڵەتیان وەرگرت بو لەسەر ڕۆشنایی ئاگاداریەکەی مەڵبەند هەموویانمان ئاگادارکردەوە بگەڕێنەوە بۆ کەرتی٣. کەوتینەوەڕێ بەرەو گوندی کانیکەوە و گوندەکانی خاڵدان، عەلی زەنگەنە، مەلاسەفی، ژاڵە و لە چەمی باسەرەی هەمەوەند بۆ بەری جاف پەڕینەوە بۆ تیلەکۆ، کانی گۆمە، کەلەڕەشی، کانی خاکی دوانیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە هەناره، کاک قادرم بینی پێی وتم: هەرچۆنێک بێت لەگەڵ مەفرەزەیەک ئەمشەو لە جادەی کەرکوک-سلێمانی بپەڕنەوە بگەنە گوندی عەسکەر پەیوەندی بکەم بە مامۆستا جەلال جەوهەرەوە، ئەم ڕێگایە هەروا ئاسان نەبو بەڵام جێبەجێ کردنی کاری پێشمەرگانە وای ئەخواست، بۆیە ڕێگامان گرتەوەبەر ئەمجارە بە تراکتۆرو بە پێ لەبەرئەوەی ئەبوایە زوو بگەینە جێی دیاری کراو، پاش ماندوبونێکی زۆر بە دوو ڕۆژ گەیشتینە جێ و مامۆستا جەلالم بینی، پاش بە ئەنجام گەیاندنی کاری خۆمان گەڕاینەوە هەمەوەند، بەڵام بارەدۆخ تێکچوو بو، کاتی مۆڵەت و پشوی پێشمەرگە نەمابو ئەبوایە هێزی پێشمەرگەی ناوچەکان کۆبن. لە گەرمیانیش لە سنورەکانی تیپی ٥١ ی گەرمیان و ٥٣ ی شێروانەوە شەڕو پێکادان دەستی پێکردبوو هێزی پێشمەرگەش قارەمانانە ئەوەندی توانرابێت بەرپەرچی هێزەکانی دوژمنیان دابووەوە و زەرەرو زیانی زۆریان پێ گەیاندبون، بەڵام لەبەرئەوەی بڕیاری وەستاندنی جەنگی (عێراق و ئێران) درابوو عێراق بەشێکی زۆری هێزەکانی خۆی لە بەرەکانی جەنگی( ئێران) کشانبووەوە و بەهەمان جبەخانەی سەربازی و بگرە زیارتیش هێنابویە سەر کوردوستان و



پلانی کاول کردنی کوردوستانیان داڕشتبوو ، هێرشەکانیان وەک پێشوو نەبوو ڕوی بکردایە هەر شوێنێک و بەهەر نرخێک بوایە ئەبوایە بیان سوتاندایە هەچی یەکیشیان بەردەست بکەوتایە لەگەڵ خۆیان ئەیان برد ، ئەوەی جێ ی داخیشە هەموو هیرشەکانیان بەهاوکاری ئەوجاشە خائینە خانەنیشینانەی ئێستای کوردوستان بون کە نە ڕۆژگار نە حیزبەکان ڕێنادات لیپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت. ناوچەکانی گەرمیان شیرزەیی تێکەوتبو دانیشتوانەکەی سەری لێ شێوابو لە هەردەکانی گەرمیان زیاتر هیچ پەنایەکیان نەبوو ، بەشێکیان خۆیان گەیاندبوە شارەکان وبەشێکی تریان لەسەر بەڵێنی موستەشارەکانی فەوجە سوکەکانی دووژمن خۆیان دا بو بەدەستەوە و تەسلیمی بەعسەکانیان کردن و بێ سەرو شوێنی کران ، بەشیکی کەمیشیان لە هەردەکانی گەرمیان دا خۆیان حەشار دا بەڵام لەبەر هێرشی سەربازی بە شارەزایی جاشەکان نەیان توانی بمێننەوە و تەنانەت بە (هەلیکۆپتەر) هاتنەسەریان ولێ یان گرتن ، بەشێکی زۆرکەمیشیان خۆیان بەدەستەوە نەدا و لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا ناوچەکانیان بەجێ هێشت . نەئەتوانرا بەرەنگاری ئەو هێرشانەی دووژمن بکرێت مەڵبەندی یەکیش خەریکی چۆڵ کردنی بارەگاکانی بوو لە قۆپییەکانی قەرەداخ، تەواوی دانیشتوانی ناوچەکانی بناری شارەزورو قەرەداخ و سەگرمە و بازیان و هەمەوەند بە بیستن و بینینی ناوچەکانی گەرمیان و چۆڵ کردنی بارەگاکانی مەڵبەند تەواو بێ هیوابوون و هەموو لە هەوڵی خۆ دەربازکردنی ماڵ و منداڵیان بوون.

**چاوەڕوانی بەشی سێیەم بن.**

# رۆڵی نەوشیروان مستەفا ئەمین لە سەرپەرشتی کردنی مەفرەزە پارتیزانەکانی کوردستان



سەدام حسین سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش هەموو دەسەڵاتێکی رەهای خۆی لە 29 /3 /1987 بە بریاری [160] بەخشی بە عەلی حەسەن مەجید ی ئامۆزای. بۆ ئەوەی بە پێی بەرنامە و نەخشەیەکی وردی چرو پری سەربازی بە پاڵپشتی فەیلەقی [یەک و پێنج] ی سوپای عێراق. بەڕێوەبەرایەتی [ئیستیخباراتی عەسکەری .ئەمنی عامە. فەوجەکانی دیفاع مەدەنیی، گەلە جاش] بە تەکنەلۆژیای سەربازی، ئەنفال و جینۆسایدی کورد بکات. عەلی حەسەن مەجید لە 20 /6 /1987 بە بریاری [4008 ] لە هەشت قۆناغی ئەنفال دا. لە 21 /2 /1988 تا 6 /1988/9 سوپای ئەنفال سەراپا گوندو شارۆچکەو ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی لە کوردستانی باشوور بە خانوو. قوتابخانەو مزگەوت و بنکەی تەندروستی و بنکەی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خاپور کرد. .کاریزو چەم و بیرو سەرچاوە ئاوییەکانی ژەهر باران کرد و.بەشۆفل پڕکردەوە. دارستان و باخ و رووەکی خۆرسکیان سوتا ند. ژن و پیاو منداڵ و پیری گوندو ناوچە ئازادکراوەکان ئەوەی دەسگیر کرا بێ سەروشوێنی کردن دوای گۆڕانکاری 2003/4/9 لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان دا دۆزرانەوە. لە ئەنفالەکان دا. ژمارەیەکیان بەرێکەوت دەربازبوون. ژمارەیەکی زۆریان بە ژەهری کیمیایی خنکان لە رێگاوبانەکان گولەباران کران. لەساڵی 1987 هەموو ناوچە ئازاد کراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دانران بە [آلمناطق آلمحظورە] ناوچەی قەدەغەکراوەکان، کە [2000] گوندی ناوچە ئازاد کراوەکانی دەگرتەوە. بڕیاری خاپورکردنی ئەو ناوچە بەر بڵاوە فروانە ی دابوو. ژیانی لە جوتیارەکان. لە ناوئاوایی و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان قەدەغەکرد تەواوی سامانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی تاڵان کرا. بنەمای ژێر خانی ئابووی کوردستانی لێک هەڵوەشاندەوە. سوپای عێراق تەمەنی 67 ساڵ بوو. خاوەنی 28 ساڵ ئەزمونی جینۆسایدی کورد و هەشت ساڵ جەنگی عیراق-ئێران. بە چەکی مۆدێرن و هێزێکی زەبەلاحەوە بەپاڵشتی فەوجی جاشە سوکەکان گەیشتنە سەراپا شوێنە ستراتیژو سەرسنورەکان. مینیان لە سەراپا گوندو کێلگەو لاپاڵی گردو چیاو رێگاو رێچکەکان دا چاند. مەرگ و کەم ئەندام بونیان کرد بە رووداوێکی سروشتی. هەموو ناوچەکانیان بەگوندو کێڵگە کشتو کاڵییەکانەوە لە خەڵکەکەی قەدەغەکرد. بازنەیەکیان بە دەوری شارەکاندا کێشا، ئەوەی لەو دیوی ئەو سنوورە بازنییە وە دەسگیر بکرایە، بێ سەرو شوین دەکرا. ئا لەو سەردەمەدا نەوشیروان مستەفا لە قاسمەرەش سەرپەرشتی مەفرەزە پارتیزانەکانی سەراپا گەرمیان و. شارباژێرو. دۆڵی چافایەتی و.سورداش و. دەشتی هەولێر و. باڵەکایەتی و سەراپا ناوچەکانی دەکرد. پارتیزانەکان لەو شوێنانە دا مانەوە، کە جگە لە پاشماوەی گوندە وێرانەکان وقالورەی گولە تۆپ هیچ بنەمایەکی ژیانی تیا نەمابوو. ئەو مەفرەزە پارتیزانانەی کە بریاری مانەوەیان لە گەرمیان و قەرەداغ دا. بریتی بوون لە [حەمەرەش، عوسمانی حاجی مەحمود، مەحمودی مامە عەزە، سەید جەوهەر، شێخ کەریم چاورەش. ئەحمەدی حاجی رەشید، مەلائەحمەدی گەرمیان، سەید محەمەد، عەدنانی حەمەی مینا]. جیهازێکی راکاڵ لای نەوشیروان مستەفا ئەمین بوو لە قاسمەرەش. ئەو سەرپەرشتی و رێنمایی دەکردن. جیهازێکی تر لە ماڵی جەباری حاجی رەشید بوو لە ناو سلێمانی. جیهازی سێیەم لای حەمەرەش بوو لە چیای ئاژداغ. ئەو سەرپەرشتی پارتیزانەکانی گەرمیانی دەکرد. هەموو مەفرەزەکانیش لە حەشارگە جیا جیاکانیان جیهازی تلفن کن یان پێ بوو لە سەرە سەعات دا هەواڵ و گۆرانکارییەکانیان دەگەیاند بە یەک. ئەوەی مایەی تێڕامانە بەختیار مستەفا ئەمین سەرپەرشتی دروستکردنی جفرەی پارتیزانەکانی دەکرد، هەموو جیهازەکانی تەکنیکی پێشکەوتوی تەکنەلۆژیای ئیستیخباراتی عەسکەری.فەیلەقی یەک و. پێنج و. ئیستیخباراتی عامەی عێراق لە بەغداد. نەیاندەتوانی ئەو جفرانە بخوێننەوە .بۆ ئەوەی شوێنی حەشارگەی پارتیزانەکان بدۆزنەوەو لەناویان ببەن. هەموو پسپۆرەکانیان توشی هیستریا بوون. رێبازو حەسەن کوێستانی و سەلاح دیلمان لە سنوری دەشتی هەولێر و بەرانەتی و باڵەکایەتی و خۆشناوەتی مانەوە. دواتر چەندان مەفرەزەی تری پارتیزانی تر بە سەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا ئەمین لە سنورەکانەوە رویان کردە سنوری گەرمیان و دۆڵی جافایەتی وسورداش و شارباژێر و بادینان. (ئازادی سەگرمە، مام رۆستەم، کوردۆ قاسم، مەحمود سەنگاوی. غەریب هەڵەدنی، کامیل نوری، جەباری حاجی مامەندی. سەرکەوت حەسەن، مەحمودی کانی سارکی . تۆفیق تەمەر چەلکی) دواتر مەفرەزەیەکی تر ی پارتیزانی بە سەرپەرشتی عەبەرەق و دلاوەر عوسمان سەرپەرشتی پەرینەوەی پارتیزانەکانیان دەکردو بۆ هەندێ ئیش و کار خۆیان دەگەیاندە ناو شاری سلێمانی . سەدام کوێتی داگیر کرد بۆ ئەوەی عێراق و سوپاکەی ببن بەزلهێزێکی تر لە دنیادا. بۆ ئەوەی بنەمای ژێرخانی ئابوورییەکی بەهێز پێک بهێنێت . هەموو بەرنامەو نەخشەوپیلانەکانی بهێنێتە دی.



گەر سوپای عیراق لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە تێک نەشکێنرایە. ئەوا قۆناغێکی تری ئەنفالی [سلێمانی. هەولێر. دهۆک. کەرکوک] بەرنامە و نەخشەیەکی نوێ تر جێ بەجێ دەکرا. بۆ ئەوەی هەموو کوردی باشوور جینۆساید و بێ سەروشوێن بکەن. لەسەر تەرزی بیناسازی کەلەپوری عەرەبی سیمای شارەکانیان دەگۆڕی. خەونەکەی عەفلەقیان دەهێنایە دی. کوردستان بەشێکە لە عێراق ..عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی.


# گەشتەکەی فرەیزەر بە کوردستان و میزۆپۆتامیادا...

د. نەوزاد ساڵح رەفعەت



پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەم کتێبەم لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕا، بەڵام بە هۆی نەبوونی کات و سەرقاڵیم بە کاری دیکەوە، تا ماوەیەک لەمەوبەر نەمتوانی پیای بچمەوە و ئامادەی بکەم بۆ چاپ کردن. سوپاس بۆ خوا ماوەیەکە ئامادەم کردووە و بەم زووانە چاپ و بڵاو ئەکرێتەوە. ئەم گەشتەی فرەیزەر لە رووی مێژووییەوە نرخ و بایەخێکی ئێکجار زۆری بۆ بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان هەیە، بە تایبەت سابلاخ و سلێمانی و رەواندوز. پێشتر ئەم کتێبە لەلایەن هەردوو خوالێخۆش بوو، رەشید نەجیب و ئومێد ئاشنا، هەر یەکەیان بە جیا، بەشێکی کەم، یان ئەو نامانەی پەیوەندییان بە ناوچەی سلێمانییەوە هەیە، وەرگێڕاوە. ئەوەی رەشید نەجیب لە ژێر ناوی "گەشتێک لە کوردستان" تەنها لە گۆڤاری گەلاوێژ (1939-1949) بە چەند بەشێک بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی ئومێد ئاشنا بە نامیلکەیەک چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. لە راستیدا هەوڵ و ماندووبونی ئەو دوو بەرێزەم لەسەر چاوم داناوە، بەڵام بە باشم زانی، جارێکی تر بە دوورودرێژی کارە پیرۆزەکەی ئەوان درێژە پێ بدەم و تەواوی بکەم و منیش بتوانم خزمەتێک بە خوێنەری کورد بکەم. هەر لەبەر رۆحی پاکی ئەو دوو نوسەرە بەرێزەی کورد، کە پێشتر ئەرکیان بەو کارەوە کێشاوە، بە باشم زانی وەرگێرانەکەم پێشکەشی بە رۆحی پاکیان بکەم.

**دەربارەی کتێبەکە:** "گەشتی فرەیزەر بۆ ئەستەمبوڵ لە ساڵی 1834، لەوێوە بۆ ئێران دەستی پێ کردووە.. یەکەم نامەی لە تەورێزەوە لە 4ی تشرینی یەکەمی 1834 و کۆتا نامەی، کە دوانزەهەمینە لە 22ی تشرینی یەکەم 1834 لە بەغدا نوسیووە. سەرجەمی ئەم نامانەی بۆ هاوسەرەکەی (جێن بود وی) نوسیووە. دواتر لە لەندەن ئەم 12 نامەیەی بە بەرگێک لە ساڵی 1840 چاپ و بڵاو کردووەتەوە بە ناوی "گەشتێک بە کوردستان و میزۆپۆتامیادا"... "سەرەتای گەشتەی فرەیزەر لە تەورێزەوە دەست پێدەکات، دواتر دەچێتە شنۆ و سابڵاغ، لەوێوە بە چەند دێیەکدا دەچێتە چیای هۆملی ناوچەی ئالان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کە کەوتووەتە نێوان سنووری ئێستای عێراق و ئێران. دواتر دێتە گوندی دولکان و ماوندێ، ئینجا هاتۆتە سەر چەمی تێیەت، ئینجا دێتە سەر ئەو پردەی باسی دەکات، کە تا ئێستاش شوێنەروای ماوە. لەوێشەوە بە شارباژێری سەختدا هاتۆتە ئاوەکورتێی ماوەت. هەر بە شارباژێڕدا دێتە سەر شاخی قەیوان و پاشان دێتە ناو سلێمانی. دوای ئەوەی چەند رۆژێکی کەم لە سلێمانی دەمێنێتەوە، بە قەرەداغ و شاخی سەگرمەدا دەڕواتە کفری و لەوێشەوە دەچێتە ناو بەغدا. ئەو زانیارییانەی لەم گەشتەیدا باسی کردوون، ئەو کاتە و دواتریش سوودێکی زۆری بۆ ئینگلیزەکان هەبووە، بەتایبەت بۆ دانانی نەخشەی جوگرافی و سیاسی ئەم ناوچەیە. هەرچەند زۆر بە روونی ناڵێن مەبەست لە گەشتەکانی چی بووە؟ ئایا بۆ هەڵسەنگاندنی باری سیاسی ناوچەکە و پەیداکردنی دۆست بووە بۆ ئینگلیزەکان، یان رێگاکردنەوە بووە بۆ بازرگانی، یان بە مەبەستی دۆزینەوەی شوێنەواری مێژووی کۆن و بردنی هەندێک لەو ئاسەوارانە بووە، کە لەم ناوچانەدا دەستی کەوتووە، یان بەو گەشتەی توانیوێتی پروپاگەندە بۆ وڵاتەکەی بکات، رەنگە هۆی گەشتەکەی هەموو ئەمانە بووبن".



# بەسەرهاتی دڵتەزێنی کیژە کوردێ بەرلە (180) ساڵ!

**د. کارزان محەمەد**



ئەم بەسەرهاتە راستەقینەی لێرەدا دەیخوێننەوە، بەشێکە لە گەشتنامەی (کۆن دوسێرسی)ی نوێنەری دەوڵەتی فەرەنسا کە ساڵی (1840ز) سەردانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کردووە. ماوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر، ئەو بەشەی پەیوەندیدارە بە دۆزی کورد، وەرمگێڕا بۆ زمانی کوردی و لەلایەن (بنکەی ژین)ەوە بە کتێبێکی سەربەخۆ چاپ کرا، ئەمەش نمونەیەکە لەو یاداشتە کە دەربارەی بەسەرهاتی دڵتەزێنی کیژە کوردێکە کە مەگەر تەنها لە توانای دەرهێنەرە بەناوبانگەکاندا بێ بەشێوەی فیلم وێنای بکاتەوە!.

"لە ماوەی گەشتەکەمان، سەردانی شاری (جزیرە)مان کرد، ئەم شارە لەکەناری راستی رووباری دیجلەدایە، کۆمەڵێک وێرانەی شارێکی دێرین لەو دەڤەرە ماونەتەوە، دەڵێی لانەی قەلەڕەشە بەسەر تاشەبەردەوە. بەدرێژایی ماوەی گەشتەکەم، کاپتن (ئەیکس) ئەوەی بۆ من خستەڕوو کە زانیاریی لەسەر هەموو شوێنەکان هەیە، هەر ئەو رێنمایی منی بۆ نێو کووچە و کۆڵانی شوێنەوارەکان کرد، گوتیشی یەکەمجارم نییە ئەم کارانە بە ئەنجام بگەیەنم. ئێمە گەیشتینە بەشی خۆرئاوای بورج و شورای شوێنەوارەکە، کەمێکمان بەرەو رێڕەوی ژێرزەمینەکە مابوو، لەناکاو لەبەرامبەر دەرگایەکی گچکەدا کە بە ژوورێکی تاریک کۆتایی دەهات، سەرنجم دا کاپتن (ئەیکس) راوەستا و روخساری شێوەیەکی خەمبارانە و نامۆی بەخۆوەگرت. من تا ئەو ساتەش بەو چەشنە کاپتن (ئەیکس)م نەبینی بوو، هەربۆیە لەلام سەیر بوو و هۆکارەکەیم لێ پرسی. کاپتن (ئەیکس) بە ماتییەوە گوتی:" سێ ساڵ لەمەوپێش و لەم وێرانەیەدا کارەساتێک رووی دا، هێشتا لە یادەوەریمدا ماوە. پاشان پارچە پایەیەکی شکاوی نیشاندام تا لەسەری دابنیشم، گوتی: ئەگەر کاتت هەیە ئەوا بەسەرهاتەکەت بۆ دەگێڕمەوە. دیارە من بە حەز و خولیایەکی فراوانەوە ئەم پێشنیازەم پەسند کرد. ئێمە لەسەر ئەو پایە شکاوە دانیشتین، پاش کەمێ بێ دەنگی، کاپتن (ئەیکس) بە خەندەیەکی تاڵەوە وتی:" هەرووک ئەمڕۆ، من هاتمە ئێرە تا بنۆڕمە شوێنەوارەکانی ئەم بینا کۆنانە...هاتمە ئەم شوێنەوارە، بەشێکی گرنگی گەڕام و دەمویست بچمە نێو تەلاری ژێرزەمینەکەوە، لەناکاودا سەگێکی گەورە لەنێو ئەم دەرگا گچکەیەدا دەپەڕی و پەلاماری دام تا نەهێڵێ بچمە ژوورێ. سەرەتا خۆم کێشایە دواوە، پاش کەمێ ئارەقەی شەرمەزاریم دەردا و سەرلەنوێ بەرەو دەرگاکە چوومەوە. ئەو سەگە تورەیە جارێکی دیکە پەلاماری دامەوە. منیش دەمانچەکەم هەڵکێشا و نەرانم ئەگەر ئەم سەگەم لێ دوور نەخەنەوە، ئەوا دەیکوژم. بەپێچەوانەی ئەو هاوارە تورەیەمەوە، دەنگی ژنێکم بیست، بانگی سەگەکەی کرد و ئەویش چووە نێو کولانە تاریکەکەوە و ئیدی دەنگم نەهاتە بەرگوێ، بەڵام دوای بیستنی ئەم دەنگە، سەرم سورما چۆن دەشێ ئەو دەنگە سازگارە لەم کەلاوە چۆڵەدا بێتەدەرێ. چوومە نێو ئەو کولانە گچکەیەوە و لەنێو تاریکیدا رۆچووم. کاتێ چاوم بە تاریکییەکە راهات، لە سوچێکی ژوورەکەدا کیژێکی تەمەن (12تا 14) ساڵەم بینی کە لەسەر رووی بڕە کایەک خەوتبوو، ئەو سەگەی کە دەیویست پارچە پارچەم بکات، لەنێو باوەشی خۆی گرتووە. کاپتن (ئەیکس) درێژەی دایێ:"تۆش پێتوایە ئەمە رێکەوتێکی سەرسوڕهێن بووە. ویستم لەو کیژە جوانە بپرسم، بەڵام خۆی هاویشتە بەرپێم و دەستەکانی راموسیم و باوەشی پێداکردم تا زیانی پێنەگەیەنم. دەنگێکی لەڕولاوازی هەبوو، بەجۆرێ کروزایەوە کە بەراستی منی خستە ژێر کاریگەرییەوە. دەستەکانیم گرت و گوتم مەسیحیم و بەئێرەدا دەڕۆم و لە ئەورووپاوە هاتووم، نامەوێ زیانی پێبگەیەنم. ئەوەی توانیم پێمگوت تا ببمە جێگەی متمانەی. کیژەکە ماوەیەک بە دڕۆنگی تێڕاما، چونکە زۆر لاواز ببوو نەیدەتوانی بڕیار بدا، بەڵام بەهۆی هیوابڕاوی و ئەو ناوبانگەش کە ئەورووپییەکان لە خۆرهەڵاتدا هەیانە، سەرلەنوێ پەلاماری پێڵاوەکانمی دا و کروزایەوە جێی نەهێڵم و گوتی دوو رۆژم بە برسێتی بەسەر بردووە و برستم لێ براوە. ویستم بۆ ساتێ جێی بهێڵم و تێشوویەکی بۆ ئامادە بکەم، چونکە زۆر بە برسی دەهاتە بەرچاو، وەلێ بۆ چەند چرکەیەکیش نەیهێشت لێی جودا ببمەوە. ئەو ئومێدەی لە دڵدا بوژابۆوە کە رزگاری دەبێت و دەترسا دوچاری ئەو کارەساتە بێتەوە کە رەنجی لەگەڵ کێشاوە. داوای لێکردم لەو شوێنە ببیەمە دەرێ و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە. ئەو کیژی سەرۆکی یەکێک لەو گوندانە بوو کە سەربە (جزیرە)یە، ماوەیەک لەمەوپێش سەربازانی (حافز پاشا)ی عوسمانی بۆ دامرکاندنەوەی کوردە شۆڕشگێڕەکانیان، پەلاماری گوندەکەیان دابوو. کوردەکان پەنایان بۆ چیاکان برد، ئەم کیژەش ناوی (ئیلیا)یە و لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا پەنایان بۆ شوێنێ بردووە وایانزانیوە ئارامە، بەڵام (ئیلیا) لەگەڵ خێزانەکەیان بڕیار دەدەن بۆ گوندەکەیان بگەڕێنەوە تا

پێداویستییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن کە بەردەست سەربازانی لەشکری عوسمانی نەکەوتوون. لەبری ئەوەی بچنەوە گوند، دەکەونە داوی کۆمەڵێک چەتەوە کە بەگشتی لە پشت سەربازانی عوسمانییەوە دەهاتن تا گوندە کوردییەکان تاڵان و چەپاوڵ بکەن. (ئیلیا) لەلایەن سەربازێکەوە بەدیل دەگیرێ، سەربازەکە ئەو کیژۆڵەیە هەڵدەداتە سەرپشتی ئەسپەکەی، ڕۆژی دواتر دەگەنە (جزیرە) و هەرلەوێ کیژەکە دەباتە لای پیرەمێردێکی تورک و بە (450 پیاستەر- جۆرە دراوێکی کۆنی ئیسانییە) پێی دەفرۆشێ. پیرەمێردەکەش بەهۆی نەبوونی سەروەت و سامانەوە، تەنها لەگەڵ پیرەژنەکەیدا ژیان دەباتەسەر. ئەم پیرەژنەش بەهاتنی کیژێکی جیحێڵ و گەنجتر بۆلای مێردەکەی بەتەواوەتی جاڕس دەبێت، بەشێوەیەکی بەدڕەفتارانە و وەک کارەکەرێک مامەڵە لەگەڵ کیژەکەدا دەکات.

دوای تێپەڕینی شەو و ڕۆژێک، کیژەکە هەست دەکات درەنگ یاخود زوو لەژێرباری ڕەنج و مەینەتیدا لە پەلوپۆ دەکەوێ، بڕیاری هەڵاتن لەو ماڵە دەدا. شەوێ لەو ساتەی پیرەژنەکە فەرمانی بەسەردا دەسەپێنێ کە بڕوا و لە ڕووباری دیجلە ئاو بهێنێت، ئیلیا بە هەلێکی زێڕینی دەزانێ و هەڵدێ و دەچێتە ناو ئەم کاولە خانوەوە، خۆی لەو ژوورەدا حەشار دەدات کە من باسم کرد، چونکە دەیزانی ئەگەر لێرە بچێتەدەرێ، ئەوا دەستگیری دەکەنەوە، حەزی دەکرد لەو کاولە خانوەدا بمرێ نەک پیرەمێرد و پیرێژنەکە ئازار و ئەشکەنجەی بدەنەوە. ئەم کیژە وێڕای برسێتی، لە چاوەڕوانی مردندا لەو کەلاوەیەدا دادەنیشێ تا بەڵکو خودا یارمەتیی بدا و کۆمەکی بۆ بنێرێ. من بەئەرکی سەرشانم دەزانی دەربازی بکەم، هەرگیز ئەوە بە خەیاڵمدا نەهات لەو شوێنەدا (ئیلیا) بەو دۆخە پڕ مەینەتییەوە جێ بهێڵم. بەرەو نزیکترین شوێنی ڕووباری دیجلە و بۆ لای ئەو کەسانە ڕۆیشتم کە سەرقاڵی سازدانی بەلەمەکەم بوون، کرێکارەکان سەرقاڵی کار بوون، بە دەست ئاماژەم بۆ یەکێک لە کرێکارە دڵسۆز و بە وەفاکانم کرد و پێمگوت بەبێ ئەوەی کرێکارەکانی¬دیکە بزانن، ئەو کچە بخەرە بەلەمەکەوە تا ڕزگاری بکەم. سەرەتا کرێکارەکەم نارد بۆ خواردن، قاوەڵتیم بۆ ساز کرد و بڕێکم دایە ئیلیا تا هێز و بڕستی لەدەستچووی بۆ بگەڕێتەوە... کاپتن گوتی:" ئای! ئەگەر دەزانی لە ساتی سواربوونی بەلەمەکەمدا چیم بەسەرداهات!. کاتێکم بۆ ڕۆیشتن دەستنیشان کرد کە بە گشتی تورکەکان لەو ساتەوەختەدا دەخەون، بەڵام دەمزانی ئەگەر یەک کەس هەتا منداڵێکیش، من ببینێ ئەوا لەوانەیە ڕووداوێکی ناخۆش بێتەگۆڕێ. هەروەک گوتم، پێموابوو لەلایەن خوداوەندەوە بۆ قوتاردانی ئەو کیژۆڵەیە ڕاسپێردراوم و بەرپرسیارێتیی هەر کارەساتێکیش لە ئەستۆی خۆمدایە. (ئیلیا) لەکاتێکدا دەلەرزی، کۆڵوانەکەی پشتم تێوەپێچا. بەنێو ئەو سەرەونشێوییەی بۆ دیجلە دەچوو، کەوتمە ڕێ. هەر هەنگاوێکم دەنا، خورپەیەکی لەنێو دڵم دەدا.... سەرەنجام دوای چارەکە کاتژمێرێ کە پێموایە سەدەیەکی خایاند، گەیشتمە بەلەمەکەم و گوریسەکەیم کردەوە چونکە بە کەناری ڕووبارەکەوە شەتەکم دابوو، تیژڕەویی ئاوەکە ئێمەی لە مەترسی قوتار دا. چەند کاتژمێرێ دواتر، خێرایی ئاوەکە ئێمەی بە تەواوەتی لە (جزیرە) دوورخستەوە و خەیاڵم پشوویەکی دا. پێموابوو ئەو کیژە بەدبەخت و چارەڕەشەم لە مەرگ پەڕاندۆتەوە و لە ناخمدا هەستم بە ئاسودەیی دەکرد. ڕوخساری مەزلومی ئەم کیژۆڵەیە، منی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە. غەمی نێو چاوەڕەش و قەشەنگەکانی و پرچ و ئەگریجەی سەر ڕوخساری، هەروەک دیمەنێکی هێندە جوان خۆی دەنواند کە نمونەی کیژێکی خۆرهەڵاتییانەی دەردەخست". لەو ساتەدا کاپتن دەنگی بڵندتر کردەوەو درێژەی دایێ:"هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات تێڕوانینێکی خۆپەرستانەم بۆ ئەو هەبێ و لە بەهای ئەم خزمەتەم کەم بکەمەوە. خۆم بە کەسوکاری (ئیلیا) دەزانی و بڕیاری لێبڕاوانەم دابوو ئەو بخەمە ژێرباڵی پشتیوانیی کونسوڵخانەی وڵاتەکەم، بەڵام چی بێ لە تۆ نهێنی! (ئیلیا) بە چاوی خاوەنێکەوە کە چارەنووسی ئەوی دەستنیشان کردووە، لە منی دەنۆڕی. سوپاس و ستایشی بێکۆتای دەکردم.  لەم خۆرهەڵاتەدا ژنان خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاوی پیاوان دەزانن، وەها دەردەکەوت ئەویش خۆی بە موڵکی من بزانێ. دۆخێکی دژوار هاتە ئارا، دەمزانی هەروا بە ئاسانی لەم فیداکارییە دەربازم نابێ. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، بەدڵنیاییەوە تۆش بەم ڕێگایەدا گوزەرت کردووە و بینیوتە ئاوابوونی خۆر چەندە ڕازاوەیە. لەو ساتەدا تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە و لە ئاگردانێ دەچوو لەژێر زەبری چەکوشێکدا بێ، بەڵام ئەو هەموو قەشەنگییە لە ساتێک زیاتر ناخایەنێ و پاش کەمێ هەموو شتەکان لەنێو تاریکیدا ڕۆدەچن. وڵاتانی ئەوروپایی ساتێکیان لەنێوان ڕۆژ و شەودا هەیە کە نە ڕۆژە نە شەو. لە خۆرهەڵاتی زەوی، تاریکی ڕاستەوخۆ لەدوای خۆرئاوابوونەوە دێت و هەموو لایەک دەگرێتە باوەش. ئەو جموجۆڵە کورتەی کاتی ڕۆژ لەم دەڤەرە هەیە، لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا بەگشتی لەنێودەچێ و هەموو لایەک دەچنە نێو بێدەنگییەکی قووڵەوە، هەروەک بڵێی پەردەی ژیان دادرابێتەوە. بەلەمەوانانی دیجلە لەڕووی تەماڵییەوە یاخود بۆ خۆپاراستن لە زیخ و چەوی کەناری ڕووبارەکە کە لێخوڕینی بەلەم دژوار دەکەن، دابونەریتیان بە چەشنێکە لە شەودا هاتوچۆ ناکەن و ناتوانرێ ناچاریشیان بکەی دوای ئاوابوونی خۆر، درێژە بە بەلەمەوانی بدەن. هەربۆیە پێشنیازی ئەوەیان بۆ خستمەڕوو لە بەردەلانێکی لێواری ڕووبارەکەدا ڕابوەستین. شوێنەکە شێوەی لە بەندەرێکی سروشتی دەچوو، ئێمەش لەم پەناوپەسێوەدا کە شەپۆلەکانی ئاوەکە هیچ کاریگەری بەسەرەوە نەبوو، پشوومان دا.


گەرما و ناڕەحەتی منی شپرزە کرد، دەمویست تا هەواکە بەتەواوەتی تاریک نەبووە، خۆم بشۆم. هاتمە لای (ئیلیا) و پێمگوت لە بەلەمەکە نەیێتەدەرێ، دەترسام یەکێک لە دانیشتوانی ناوچەکە بیبینێ. کەمێ دواتر، لەسەرووی بەرزاییەکەوە کە درێژایی دیجلەی لێ دەبینرا، چوومە نێو ئاوەکە. کاتێک

هاتمەوە لێواری ڕووبارەکە، (ئیلیا)م بینی بەرەو لای من هەڵدەهات، بەهۆی دیارنەمانی منەوە نارەحەت بوو و هاتەلام تا بمبینێ. بەڵام لەو سەرپێچی و بێ گوێیەی تورە نەبووم. خۆشحاڵی ئەو بەهۆی بینینی منەوە و رەفتاری ڕێزدارانەی لەگەڵمدا، بە چەشنێ بوو کە پەشێوییەکەی خۆمم شاردەوە. لە کەناری ڕووبارەکە نزیک بووینەوە و لەژێر درەختێکدا دانیشتین کە گەڵا هەڵوەریوە رەنگ زەردەکانی پەرتوبڵاوبیوونەوە و دەدرەخشانەوە. ساتێ لە جوانیی ئەم دیمەنە تێپەڕی، لەناکاودا دەنگی ئێمە گەیشتە گوێی ڕێبوارێک کە بەو ناوەدا تێدەپەڕی، پاش کەمێک دوو پیاومان بینی، یەکێکیان جلوبەرگی سەربازیی لەبەردابوو. ئەوان ئێمەیان نەبینی، بەخۆپارێزییەوە هەنگاویان دەنا هەروەک بڵێی بنۆڕنە بەلەمەکەی ئێمە، چونکە بە ماتەماتەوە لە چواردەوریان دەڕوانی، هەستم کرد پیلانێکیان لەژێر سەردایە. (ئیلیا) لەناکاودا بە پەرێشانییەوە گوتی:"ئەمە هەمان ئەو پیاوەیە منی فرۆشت و ئەویتریشیان پیرەمێردەیە کە منی کڕی".


منیش تا ئەو ساتەش دڵی (ئیلیا)م دەدایەوە و گوتم هەرگیز جێت ناهێڵم! بە ئەسپایی لە جێگەکەم ڕابووم، نازانم ئەو دوو پیاوە منیان بینی یاخود بەرێکەوت بەرەو لای ئێمە هاتن، سەرەنجام هێندە لە ئێمە نزیک بوونەوە کە دەمانتوانی یەکتر ببینین. یەکسەر بەرەو لای ئێمە هاتن و پیرەمێردەکەیان بە منی گوت:" ئەی مەسیحی سەگ، لێرە لەگەڵ ئەو کچەی موڵکی مندا چی دەکەی؟. من پێموت ئەمە کچی تۆ نییە... دەزانم هەقی تۆ چییە.... بەهەرحاڵ پێویست بە زۆرگوتن ناکات، ئەگەر پارەت دەوێ دەتدەمێ ئەگەرنا ئاگادارت دەکەمەوە کە بەرگریی لەم کیژە دەکەم". ئەو پیاوەی لەگەڵ پیرەمێردەکەدا بوو گوتی:"مەرگ بۆ مەسیحی!". دوای ئەو گوتەیە، دەمانچەی لەبەر پشتێن هەڵکێشا و سێرەی لە من گرت، بەڵام منیش دەستبەجێ گوللەیەکم پێوەنا. گوللەکەی ئەو بەپەنامدا تێدەپەڕی بەڵام بینیم (ئیلیا) بەسەر ئەژنۆمدا کەوتووە و دەلەرزێ. بەداخەوە ئەو گوللەیەی بەر من نەکەوت، لەسەر دڵی (ئیلیا)ی دابوو، ناڵاندی و کەوتە سەرزەوی. کاتێ ویستم (ئیلیا) لەسەر زەوییەکە بڵند بکەم، پیرەمێردەکە گوللەیەکی تەقاند و خۆشبەختانە چەکەکەی وەستا. منیش بە دواگوللە ئەوم لەپەنا لاشەی هاورێکەیدا گەوزاند. دەنگی تەقە، خەڵکەکەی بۆ شوێنەکە ڕاکێش کرد، خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیی و لەپەنا لاشەی (ئیلیا)دا بێهۆش کەوتم. منیان بەئاستەم هێنایەوە هۆش، کاتێ چاوەکانم هەڵێنا، جەستەی بێ گیانی

کیژۆڵەکەم لەتەک خۆمدا بینی و زۆر بۆ ئەم کارەساتە گریام. (ئیلیا)م لەنێو چاڵی پەنا درەختێکدا بەخاک سپارد، سپێدەی ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێ و دوای سێ ڕۆژ گەیشتمە بەغدا". لەو ساتەدا کاپتن لەکاتێکدا گردۆلکەیەکی ڕەشی بە من نیشان دەدا، گوتی:"ببینە، لەو شوێنەدا ڕووداوەکە قەوما. سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ، وێڕای ئەوەش بەچاوی خۆت دەبینی یاد و یادەوەریی ئەو کارەساتە هێشتا لام هەر زیندووە". لێرەدا کاپتن بێدەنگی دایگرت و دوو دڵۆپ فرمێسک زایە نێو چاوەکانی، ئێمەش لەنێو ئەو بێدەنگییەدا هەمان ڕێگەمان گرتەبەر کە کاپتن و ئیلیا پێیدا ڕۆیشتبوون.

هەمان شەو لەکاتێکدا دەمویست سواری ئەسپەکەم بم، سەگێکی هەوشار هاوشێوەی سەگی (کۆس) کە لە بەریتانیا زۆرن، بە پەنا مندا تێپەڕی و بەحاڵەتێکی خەمناکانەوە بۆنی پێی ئەسپەکانمی دەکرد. من هێشتا بە بیستنی چیرۆکەکەی کاپتن وڕو کاس بووم، سەگەکەم نەوازش کرد و لە یەکێک لە هاوکارەکانم پرسی ئەم سەگە هی کێیە؟. گوتیان هی کاپتن بەریتانییە. بە کاپتنم گوت ئەم سەگەت لە هیندستانەوە هێناوە؟، ئەو سەری بادا و گوتی:"نەخێر، ئەمە هەمان سەگەکەی (ئیلیا)یە و سێ ساڵە لە من دوورنەکەوتۆتەوە"




## گۆڤاری ڕزگاری (١٩٦٩– ١٩٧٠) بو بنەمای دروستکردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان




گۆڤاری ڕزگاری گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی بوە، لە شاری سلێمانی دەردەچو، خاوەنی ئیمتیاز نەوشیروان مستەفا و سەرنوسەر پارێزەر شازاد سائیب بوە. ژمارە ١ی لە ڕۆژی یەکشەمەی 20ی نیسانی ساڵی 1969 دەرچوە، ژمارە 15ی، کە دوا ژمارەی بوە لە 27ی مارتی ساڵی 1970 دا دەرچوە. گۆڤارەکە بە گۆڤاری ماوییەکان ناسراو بوە، کۆمەڵێ گەنجی خاوەن بیروباوەڕ بونەتە بازنەیەکی ڕۆشنیری لە شاری سلێمانی، کە زۆرجار لە بارەگای گۆڤاری ڕزگاری کۆدەبونەوە، لەم بازنە و کۆبونەوانەدا نەوشیروان مستەفا دەوری سەرەکی تێدا هەبوە. هەروەها بەشێک لەوانەی لەو کۆڕی خەباتەدا دەور و کاریگەرییان هەبوە، لەوانە: مەحمودی مەلا عێزەت، فوادی مەلا مەحمود، سمکۆ فەتحوڵا، ڕەفعەتی مەلا، حەمە چاوشین و ...هتد. لە کۆتاییدا ئەم حەڵقە ڕۆشنبیرییە بو بە بنەمایەک بۆ دروستبونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

بەهۆی داخستنی گۆڤارەکە و پەرتەوازە بونی ئەو هاوڕێیانە لە سلێمانییەوە بۆ خواروی عێراق و پاشان لە بەغداد یەکدەگرنەوە، ئیدی لەو سەردەمەدا نەوشیروان مستەفا بەرەو نەمسا بە مەبەستی خوێندن و دورکەوتنەوە لە هەڕەشەکانی ئەو سەردەمەی حکومەتی عێراق بەڕێ ئەکەوێ، کە لەو سەردەمەدا لە لایەن حکومەتی عێراقەوە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ.




## مستەفا ئەحمەد: لەشارۆچکەی عەربەت لەدایک بووم



لەمانگی 11ی ساڵی1947 لەشارۆچکەی عەربەت لەدایک بووم، ئەوکاتە باوکم چایخانە و دوکانی هەبووە لەوێ کەدایکمی هێناوە و ئیتر من لەوێ لەدایک بووم، پاش دووساڵ باوکم ئەمری خوا دەکات و وابزانم ساڵی 50 کۆچی دوایی کردوە، بەهەرحاڵ هیچ شێوەو شتێکی نایەتەوە پێش چاوم، دوای ئەوە دایکم بەخێوی کردووین، دایکیشم چایخانەکەی بۆ نەچۆتە رێوە و کردوویەتی بە دوکان، دوکانەکەش وردە وردە ژیانی پێ دابین کردووین، دایکم پێش ئەوەی شوو بە باوکم بکات و براکانیشی لەسلێمانی بوون بۆیە دەگەڕێیتەوە سلێمانی، ئیتر لێرە درێژەیدا بەدوکانەکەی تاساڵی 1992 ئەمری خوای کرد، منیش لەسلێمانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیم تەواو کرد، وەلەساڵی 1967 ئامادەییم تەواو کرد، و لەرێگەی قوتابخانەوە وردە وردە تێکەڵی کاری هونەری بووم، ئالودەیەکی سەیرم هەبوو بۆ ئیشی شانۆ و نواندن، یەکەمجار لەدوای سێی ناوەندی هەوڵمدا بچمە پەیمانگای هونەرە جوانەکان رێک نەکەوت.

**کاک مستەفا ئەستێرەیەکی ناوداری نواندنی کوردیە و ماوەیەکی زۆر ئەندامی کارای تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی بوە و یەکێکە لەو هونەرمەندە گەورانەی کورد، کە بە پەنجە دەست ئەژمێردێن. یادنامە تەمەنای لەش ساخی و تەمەن درێژی بۆ بەڕێزی دەخوازێ.**



تجديد

ش ٠ ٣٨

اجازة لاقتناء او حمل الاسلحة

LICENSE FOR POSSESSION AND/OR CARRYING OF ARMS.

الرقم المتسلسل: ٢٦٩٨٧ / ١٨٧

فقط السنة: ١٩٣٨

وفقا للمادة ٣ من بيان الاسلحة رقم ٤٣ لسنة ١٩١٩

حامل الاجازة

الاسم

اسم الوالد

العشيرة

محل الاقامة

نوع السلاح ورقمه

العلامات الفارقة للسلاح: ٦٧٤٤٧

المحل

التاريخ

توقيع وعنوان الضابط الذي اصدر الاجازة

(١) تعطى هذه الاجازة لمن يعهد فيه حسن السلوك وتلغى في اي وقت من قبل الضابط الذي منحها .

(٢) لا يمكن تحويل هذه الاجازة الى شخص آخر ولا تخول احد غير حاملها باقتناء السلاح او حمله .

(٣) يجب ابراز هذه الاجازة عند الطلب من قبل الموظف المفوض بذلك .

(٤) تنتهي مدة هذه الاجازة في ٣١ كانون الاول سنة ١٩٣٨

Expires on 31st December, 1938.

**مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک لە ساڵی ١٩٣٨ لەلایەن خوالیخۆش بوو حاجی تۆفیقی شاعیر و فەیلەسوف**

## یادنامە YADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژووی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234

# دو ناسنامە لە گەنجینەی "بنکەی ژین"ەوە

**یەکەمیان: ناسنامەی لقی حقووقی دارولفنوونی عوسمانیی مەعرووف جیاوک ١٩١٩**

**دووەمیان: ناسنامەی ڕۆژنامەنووسیی شەهید سدیق بلووکینی**

